هەژان

ناوی کتێب: هەژان

نووسینی: دانا عەلی سەعید

بابەت: لێکۆڵینەوە

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

هەڵەچنی: مهاباد رەحیم فەرەج

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ:١٢٥٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ١٣٧٩ ی ٢٠٠٨

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٨

کوردستان -سلێمانی

www.serdam.net
www.serdam.info

# هەژان

(بروسکە گەڕانێکە بە ناو شاری مۆسیقارە سپییەکانی
"بەختیار عەلی"دا)

دانا عەلی سەعید

سلێمانی ٢٠٠٨

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە ( ٤٥٦ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

**لەگەڵ ئەم بەرهەمەدا**

**جوانترین بروسکەی خۆشەویستم دەکەمە دیاری بۆ:**

**هاوسەری هەرە خۆشەویست و**

**هاوڕێی هەرە دڵسۆزی**

**ڕۆژانی سەخت و پڕ لە زەحمەتی ژیانم**

**چیمەن سەعید ئەحمەد**

دانا عەلی سەعید

## پێشەکی

دوای گەڕانەوەم لە وڵاتی نەرویژەوە بۆ ئەڵمانیا، وەك هەموو جارێك كـاك سەیفەدین سیان لە ڕێگەی پۆستەوە چەند كتێبێكی نایابی بۆ ڕەوانـە كـردم. ئەو ڕۆژانە لـەناو تـەنیایی و بێكـاری و دابڕانێكـی زۆر كوشـندەدا دەژیـام، هەربۆیە كاری ئەو برادەرە ئازیزەی ئاوارەییم ڕاستبێ ئەو دیارییە بـە نرخـەی بۆ ڕەوانە كردم. لە ناو كتێبەكاندا(شاری مۆسـیقارە سـپییەكان)ی نووسـەری گەورە و هاوڕێی ئازیزم كاك بەختیار عەلی تیادابوو. ئێجگار دڵخۆشی كردم، چونكە بەنیازبووم لە ڕێـی كـاك سەربەسـت خەسـرەوی هونەرمەنـدەوە پـێم بگات، بەداخەوە پێڕانەگەیشتبووم، بەڵام ئێستا لەگەڵ كردنەوەی جانتاكەمدا لە ئەڵمانیا بەدیداری شـادبووم. زۆر بـە تامەزرۆییـەوە خوێندمـەوە. بەشـی یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و هەتا عەلی شەرەفیار وتـی"مـاڵاوا..."، كەچی من بڕوام بەو ماڵئاواییە نەبوو هەر چاوەڕوان بووم.

بڕوام نەبوو ڕۆمانەكە تـەواو بووبێـت، بـەدیار دواهـەمین لاپـەڕەوە هـەر وەستابووم. هەروەك جادووم لێكرابێ نەمدەتوانی خۆم لەو شارە ڕزگاركەم كـە مۆسیقارە سپییەكان تیایدا دەژیان. لەناو ژوورەكەمـدا، لـەناو نـاخی هـزر و خەیاڵمدا، تەنانەت لە ناو خەون و زیندەخەونەكانیشمدا ئـەو ڕووداوانـە، ئـەو

کەسایەتیە ئەفسووناویانە هەر لەبەر چاوما بوون و لێم جیانەدەبوونەوە. بێ ویستی خۆم کەوتمە نووسینەوەی ئەو تەلیسمە بروسکەییانەی ڕژابوونە ناو ناخمەوە. لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا ڕەشنووسی ئەم بەرهەمە تەواوبوو. دوای ئەوەی پاکنووسم کرد خولیای چاپکردنی کەوتە سەرم. بۆ ئەوە نەء ئەم ڕۆمانە هەڵسەنگێنم، بۆ ئەوەش نەء ڕووی خەڵك بۆلای ئەم شاکارە بەرزە وەرچەرخێنم. دڵنیام(بەختیار عەلی) کە خاوەنی(شاری مۆسیقارە سپییەکانە) و پێشڕەوی گەورەترین پرۆژەی ئەدەبی ئێستامانە، نە پێویستی بە هیچ قەڵەمێکەو نە هیچ نووسینێکی پیاهەڵدانە.

مەبەستم لە چاپکردنی ئەم باسە تەنها بۆنکردنی گوڵە عەنبەرییەکانی ئەم شاکارەیە کە دڵنیام زەمەنێکی زۆر دوورتر لە ئێستا دەیخوێننەوە.

هەربۆیە ئەم باسە تەنها بروسکە گەڕانێکە بەناو ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا، وەك ئەوەی لەناو ناخی مندا جێی هێشتووە. دەکرێ لە نەرمە گەڕانی تۆی خوێنەردا، گەلێك بۆنی خۆشتر لە عەنبەر کاسەی سەرت تێرکا، زۆر تەلیسمی جوانتر نیگای چاوانی تۆ تێرکا.

**دانا عەلی سەعید**

**٢٠٠٧/١١/٢٧**

**ئەڵمانیا**

## ـ پاسەوانێك بەدیار تەنیایی ڕۆحەوە

زۆرجار وشـەیەك، ڕسـتەیەكی خۆشەویـستی، سـروودێك، مۆسـیقایەكی غەمگین، دەنگ و چریكەیەكی خۆشنوود... تیژ بە ناوەوەماندا تێدەپەڕێت و قوڵپی گریانێكی خێرا قوڕگمان دەگرێت، یـان پێكـەنینێكی لاسـار دەڕژێتـە دەموچاومان.

بـەڵام كـەمجار ڕێكـەوتووە یـەكێك لـە هـەموو ئـەو شـتانە تیـژ، تیـژ بمانهـەژێنێت، ڕامانـچڵەكێنێت، وەك تەلیـسمێكی سـیحراوی بمانگەیەنێتـە ڕۆخی لە هۆش خۆچوون.

ئەوەش ئەو دوڕیانەیە كاروبەرهەمی مەزن و گچكەی مـرۆڤ جیادەكاتـەوە. بەرهەمی مەزن و ناوازە ئەوەیە پەی بەو ڕاچڵەكین و هەژانە بەرێت، كە مرۆڤ لە بێدارییەكی سست و مردوودا مەست و سەراسیمە دەكات. پێموایـە گـرنگترین ئەو بنەما گەوهەریانەی كتێبە ئاسمانیەكان، ئەو نەغمە سیحریەیە كە لە ڕێگەی وشەو ڕیتمی وشەوە ئەو هەژانە لە مرۆڤدا بـەرپادەكات كـە بـۆنی ئـەو خاكـە نەفرەتكراوەی بیردەباتەوە یەكەمین مرۆڤیان تیادا زیندانیكرد.

ئەوەش ئەو سیحرە مەزنەیە كە كتێبەكانی ئاسمـان لـە كتێبـەكانی سـەر زەوی جیادەكاتەوە.

ئەرکی هەموو ئەوانەی دەیانەوێت کۆتی مردن بشکێنن ئەوەیە، هەمیشە بەدوای ئەو هەژانەدا وێڵن، ئەو ڕاچڵەکینە ئەفسووناوییە، ئەوانە پێویستیان بەوەیە هەزاران گوڵ و گیا بۆنکەن، تا بۆنی هەژان دەدۆزنەوە. هەزاران چریکەو ئاواز و ڕیتمی دەنگ بە گوێکانیاندا گوزەر بکات، هەزاران وشەو ڕستەوکتێب و فیلم و داستان و ئەفسانەو شیعر و چیرۆك ئەمدیو و ئەودیو بکات، تا ئەو وشەو ڕاچڵەکینەی پێدەبەخشن کە بەرزی دەکاتەوە بۆ مەلەکوتی بەهرەوداهێنان، مەلەکوتی ئاوێزانبوونی ڕۆحە پاك و جوانییە ڕەهاکان، شاری مۆسیقارە سپیەکان.

ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، کاملترین ئەزموونی(بەختیار عەلی)یە کە توانیویەتی بە درێژایی(٦٢٥) لاپەڕە، دەست لەسەر ئەو زەنگە هەڵنەگرێت کە بە شێوەیەکی شێتانە دەمانهەژێنێت و بەردەوام بێدارمان دەکاتەوە.

ناهێڵێ قوڵپی گریانەکانمان چاوانمان تەڕکات، ناهێڵێ زەردە و پێکەنینەکان بگاتە قاقا و دەم داپچڕین.

ڕیتمی ڕۆمان لە کێشانەیەکدا هاوسەنگ دەکات، لە چاوی ئەو پاسەوانی جوانییانە ون نەبین بە توولە ڕێگا باریکەکاندا سەرماندەخات بۆ(شاری مۆسیقارە سپییەکان). لە ناو شەرابی هەر باسێکدا بەدیارمانەوە دەوەستێ تا کەیل ئەبین، کاتێکیش بەدەستی پڕ لە میهر و جوانی لەو کەیلیە بێدارمان

دەکاتەوەو بۆ گوڵزاری باسێکی دی پەلکێشمان دەکات، پێناچێ ئەو دەستە دەستی مرۆڤێکی گومڕای سەر زەوی بێت کە لە ئەزەلەوە بەرنەفرەتی تەپوتۆزی زەوی کەوتبێ. بەڵکو لە دەستی خواوەندێك دەچێ، هەرگیز گەردوخۆڵی ئەم زەوییەی بەرنەکەوتبێ.

شیعر و زیکر و تابلۆ و مۆسیقا، ژیان و مەرگ و جەنگەڵەکانی ئەبەدیەت... مەستی و بێداری، نوقم بوونی ڕۆح لە گیانی ئەهریمەن و زیندووبوونەوەی جوانی لە نوری خودادا، گەیاندنمان بە ئاقاری ئارامگیریەك لە جیهانی ماخۆلانی ئێستاماندا، ئەو ئارامگیریەی وەك ڕێژنەی باران بەسەر وشکەڵانی ناوەوەماندا دادەکات.

لە دەستپێکەوە تا دواهەمین وشەی کۆتایی، لە دەنگی ئەو مۆسیقایە بێدار نابینەوە کە وەك ئەسپێکی سپی، ڕۆحمان سواردەکات بۆ مەلەکوتی شاری مۆسیقارە سپیەکان. نەغمەی وشەو شاعیریەتی ئەدەب بە جۆرێك وابەستەی تێڕوانین و لێکدانەوە فەلسەفیەکانی نووسەرمان دەکەن کە تا قەقنەسەکەی دەڵێ ماڵئاوا، بەدیلی دەمێنینەوە.

(شاری مۆسیقارە سپییەکان) یان (وەڵامی پرسیارەکانی ئەم سەردەمە ماخۆلانە) ئەو پرسیارانەی لە مێشکی قەقنەسە پەراوێزکراوەکاندا گیری خواردووە و هیچ ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبێکی ئەم سەردەمە پەی پێنەبردووە، ئەو پرسیارانەی بەختیاری نووسەر دەپڕژێنێ و بە هەرچواردەوری خۆیدا

وەڵامدەداتەوە. وەڵامی سەردەمێکی شەلاڵ لە جەهل و چەواشەکاریدا، لە تێکدانی بەهاکانی جوانی و مەعریفەدا، لەژێر پێخستنی ئاسوودەگی و عەدالەتدا، لە پەراوێزکردنی هەر هەموو قەقنەسەکاندا.

(شاری مۆسیقارە سپییەکان) هەڵایسانی جەنگی قەقنەسەکانە، دژ بەم سەردەمە بێ بەهرەیەی ڕەش و سپی، جوانی و دزێوی، زوڵم و عەدالەت، هونەری مەزن و هونەری چەواشە، قەڵەمی سەرکەش و قەڵەمی گەوجی سەرشۆڕ... لێکدی جیاناکاتەوە. ئەو جەنگە پیرۆزەی سەرکەویت یان بمریت هەر براوەیت.

سەرکەوتن دەتکاتە پاسەوانی جوانی لە(ئۆقیانوسی هاوار) و مردنیش بەرزبوونەوەیە کە بۆ مەلەکوتی ئەو شارە سپییەی وەك تابلۆکەی(دالی) مەسیح ئاسا لەسەررا لەو جیهانە بێ بەهرەیە دەڕوانێ کە نوقمی زوڵمەتە.

کەسە پەراوێزکراوەکان جارێکی دی ئەوانە پەراوێزدەکەنەوە کە ملیان ئەوەندە ئەستووربووە توانای ئاوڕدانەوەیان نەماوە. بێباکانە میز بە عەرشی دادگا و عەرشی دەزگاکانیاندا دەکەن، خۆیان دەبنە پاسەوان و هەر بۆ خۆشیان دەبنە دادوەر. پاسەوانی ئەو جوانیانەی کە دەبێ وەك یاقووت قووڵی دەریاکانی بۆ تەی بکەی، دادوەر وەك گوێگرتن لە داوای ئەو بێگوناهانەی لە ژێر لمی داخی بیابانەکانی باشوورا هێشتا چاوەکانیان دانەخستووە.

شاری مۆسیقاره سپییەکان یان بینینی ڕوخساری جوانی شاراوه بەزوڵمەتی ئەم سەردەمە جادوکاره کە تەنها چاوی قەقنەسەکان لەناو ئەو تەپوتۆزەدا پاکژیان دەکاتەوە.

بینینێك بێدار لەو ژیانە خەواڵووەی مرۆڤەکانی سەرخۆش کردووه تا ڕادەی مەستی، تفکردنەوەی ئەو ژەهرەی بەناوی ئاوی زوڵاڵەوە پێشکەشمان دەکرێ، ئەو هونەرەی وەك ڤایرۆسێکی ترسناك چێژی جوانیمان دادەڕزێنێ، ئەو ئەدەبە چەواشەیەی کە وشەکانی داماندەخزێنێ بەرەو نشێوی مردن.

بینینێك، دوور لە بینینی خەڵکانی جادوگەر، بینینی فڕینیی باڵندە سپییەکان، شوێنکەوتنی تارمایی قەقنەسەکان، کۆکردنەوەی نۆتەی مۆسیقاره بەهەشتیەکان، خوێندنەوەی ڕەنگ و هێڵەکانی تابلۆ تۆزاوییەکان، شرۆڤەکردنی ئەو نهێنیانەی خودا لەو دیو کتێبەکانی خۆی بۆ مرۆڤی جێهێشتووە.

دواجار نوقمی ئەو زەریا گەورەیە دەبین، قەقنەسەکان دوای سڕینەوەی سنوورەکانی ژیان و مردن، لەو شاره جاویدانیەوه تنۆك تنۆك دەیبارێنن بەسەرماندا.

شاری مۆسیقاره سپییەکان، سروودی کەرنەڤاڵی ئەو ڕۆحە یاخیانەیە، کلیلی پاسەوانی جوانی ئۆقیانوسی هاواریان لە ملدایە، جگە لەو ڕۆحە یاخیانەش ئەستەمە، زۆر زەحمەتە هیچ کەسێکی دی، شوێنکەوتووی ئەو

کەرنەڤالە بێت کە(بەختیار) جۆشیداوە بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان.

گۆژمەی نووسین(٦٢٥) لاپەڕە بەدوای یەکدا هەڵدەداتەوە، ڕاست لە قووڵایی دەریای چیرۆکەوە، لە ناو ئاڵۆزیەکی تەواو ئاڵۆزی ڕووداودا پەلت دەگریٚ... هەر وشەیەك نۆتەیەك، هەر ڕستەیەك ئاوازێك، هەر پەرەگرافێك تابلۆیەك، هەر کاراکتەرێك پارچەیەکی زیندوو لە خۆت، هەر چیرۆکێك گەشتێك بە ڕۆح، هەر ڕووداوێك تەقینەوەی کانی زامێك لە ڕابردوو، لە ئێستا، لە پێشبینیەکانمان بۆ داهاتوو... هەر هەمووشیان پێکەوە شاکارێك لە جوانی، لە داهێنان، لە دامرکاندنەوەی ئەو ئازارەی بۆ پیرانەگەیشتین (مارکیز و بەلزاك و هەمەنگوای و تۆلستۆی و کازانزاکی و...) بخوێنینەوە. بۆ کەسێك نەبوو ئەم ئازارانەی ئێمەش بەم قەڵەمە ئەفسووناویە بنووسێتەوە، ئەو جیهانە پەنهانە بیٚ بنەی ناوەوەمان بێدارکاتەوە، ئەم ئەدەبە ژەنگ گرتووەی هاوزمانانمان بشواتەوە.

گۆژمەیەك ناهێڵیٚ ڕاوەستی و ئێستێك بگری، ناهێڵیٚ بۆ یەك چرکە ساتیش لێی دوورکەویتەوە. کە سەمای وشەکان لەبەرچاوتا نامێنن، دەنگی فلووتەکە لە گوێتایە.. کەدەخەوی تارمایی شاروخی شاروخ و ئیسحاقی لیٚوزێڕین و جەلادەتی کۆتر و دالیا سیراجەدین و موسای بابەك و بابلی پرتەقاڵی لە خەوتایە.

گوژمەیەکە هەر لە گوژمەی خۆیدا جێماندێڵێ و بەهیچ ئاقارێـک ڕاناگـا، وەك چۆن ئێستا ڕۆحی من لەناو بەرامەی تاڵی غوربەتا قاچی ماندوو بەدوای چارەنووسێکی نادیارا پەلکێش دەکات، وەك چۆن تۆی کـۆتر لـەناو گێلاسـی وڵاتی تۆقیوا چاوەڕوانی داڕووخانی ئەو سنوورانەیە کە بای مەرگیان پێیە.

گوژمەیـەك نـاهێڵێ چـیدی فریـوی ئـەو وشـە داڕزیوانـە بخـۆین کـە کتێبخانەکانمانی سیخناخ کردووە، ناهێڵێ بەدیار ئەو هونەرانەوە ڕاوەستین کە پاسەوانی جـوانی خـۆی لێ بێبـەری کـردووە، چـەپڵەی جەهالـەت بـۆ ئـەو سەرکردانە بکوتین کە ئێمەیان لە گێلاسی سپیدا کۆیلەکردووە.

فێرمـان دەکـات هـەر ئـەدیبێك یـان هونەرمەنـدێك پاسـەوانی جـوانی ڕامنەکردبێت، زیکری گەیـشتن بەجاویـدانی و ڕۆحـی قەقنەسـەکانی کـوورە نەدابێت، لە تاریکیەکانی نەبووندا لە جیاتی یادکردنەوە لە بیرمـان بـچنەوە، فێرمان دەکات هەر قەڵەمێك، هەر نەسیمێکی هونەر، ئەسپێکی سـپی وەك چووڕی شیر لە ژێر پێیدا نـەبێ و ئاسـۆی ڕێگایـەکی بـۆ شـاری مۆسـیقارە سپییەکان لە پێشیەوە نەبێ، تووڕی دەین، چونکە ئەوانەن ڕێگاکانی گەیـشتن بە مەلەکوتی ئەو ئەبەدیەتـە پـڕ لـە دڕکـەزی و دڕك وداڵ دەکـەن، ئەوانـەن شەرابی ژەهراویمان بەناوی ئاوی زوڵاڵەوە دەدەنێ، ئەوانەن ڕۆحی ئەهریمەنەکان دەکەنە گاردی قایمکردنی شوراکانی زوڵمەت و جەهالەت.

ئەم ڕۆمانە گەشـتێکە، گەڕانێکـە بـەدوای پـەیامێکی جاویـدانی لـەناو

تارمایی مێژوویەکی ترسناکدا... یاداشتی نیگای ئەو چاوانەمان بۆ دەکات کە دوای نۆشینی شەرابی مەرگ گەڕانەوە.. دۆسیەی ئەم قوربانیانە هەڵدەداتەوە کە لە سەفەری جەنگ و تۆفانی ڕەشی ئەنفال نەگەڕانەوە.. عەشقی ئەو ئافرەتانە پیرۆز ڕادەگرێ، لەسەر داوێنی پیسی خۆیان گوناهەکانی سەردەمی ڕەجم و تابووت دەشۆنەوە.

لە کاتێکدا نەسیمی ئەم شاکارە هات، ئێمە بە زەلیلی لە قوتابخانەکەی فەهمی بەسری دەمانخوێند. کاتێك ئەم شەونمە ڕوخساری داپۆشین، ئێمە بەدیاری گەڵاو لقی گوڵە سیسبووەکانی جوانیەوە دۆشدامابووین. وەك باڵندەیەکی ڕەنگین هات و لەبەر پەنجەرەی گۆشەگیرمانا نیشتەوە، تاوەکو فێری چرینی ئەو ئاوازانەمان بکات، حەوشەی ماڵەکانمان لە بولبول و باڵندە دەنگخۆشە. تەریوەکان پڕکەنەوە.

باڵندەیەك بە باڵەکانی، ڕۆحمان فێری فڕین بکات بۆ دوورترین و نزیکترین شوێنی دونیا. فێرمان دەکات، چۆن لە تاریکیدا ببینین؟ تابلۆی ناوی شارو گوند و باڵەخانەکانی نیشتمان بگۆڕین؟ چۆن زبڵ و خاشاکی ئەو هەموو کتێب و نووسەرە بێ بەهرانەی پێڕامالێن؟ چۆن ئەو سەدان گورانیبێژە ناقۆڵایانەی پێبێدەنگ بکەین کە دەنگیان بەدەنگی پەپویەك دەچی کە چاوەڕوانی دواهەمین هەناسەکانی موزیك دەکەن.

ئـەم گەشـتە، ئـەم پەیامـەی ئـەو باڵنـدە ڕەنگاوڕەنگـەی ڕامکـردووە، پەیامێکــە زادەی زیکــری ڕۆحێکــە بووبێتــە قەقنــەس، کــەیلی بــادەی هۆشیاریەکە، هەموو فەرهەنگەکانی دونیای خواردبێتەوە. ئـەم قەڵەمـە وەك شمـشاڵەکەی ئەندرسـەن و وەك فلووتەکـەی جـەلادەت، ئەفـسوونێکە بـۆنی هەناسەی جادوکارێکی لێدێ، بەرامەی پیرێکـی حـەکیم و گەڕیـدەی لێـدێ، وەك چاوساغێك ئێمەی کوێر پەلکێش دەکات... بۆ بینینـی سـەردەمێك لـە تاریکی، بۆ بەرزترین لوتکەو بۆ قووڵترین نشێو بۆ ئاهەنگی سـەمای مـەرگ و بۆ گاڵتەجاری فڕینی شار و ئۆردوگاکان، بۆ لێکدانەوەی واتاکانی عەدالەت لەسەر داشماڵی خوداو بۆ سەر جێگای ساردی ئـەو سـۆزانیانەی کـە بوونەتـە کۆیلەی عەشق و ژەنەراڵەکانی دۆزەخ.

ئەم گەشتە، ئەم پەیامە سەرگوزەشتەی ژیانی قارەمانێکی تراژیـدی یـان کۆمیدی نییە، لایەنەکانی کەسێتی بدۆزێتەوە. داستانی ئەو کارەساتانە نییە کە دوای جەنگی خواوەندەکان بەرپابووە. پەیکەرەکانی ئەنگیلیۆ و پایـەکانی عەرشی سیزەری ڕۆمان و شمشێرەکەی ئیمام نییە لە مۆزەخانەکاندا کەوتووە.

ئەم پەیامـە گوڵزارێکـە لـە جـوانی، لـە بێـدەنگی، دوور لـە قیڕەقـیڕی مێزگەرد و ڕۆژنامەگەری. پەیامێکە بۆ سەیرکردن، بۆ بۆنکردن و بیستن.

ئەم کتێبە ئەو باڵـدارە ڕەنگینەیـە لەبـەر پەنجەرەکەتـدا، لەسـەر مێـز و کورسـیەکەت، بـەدیار کتێبخانەکەتـەوە وەك پاسـەوانێك بـەدیار تـەنیایی

ڕۆحتەوە ڕاوەستاوە، گەر دەتەوێ جێتنەهێڵێ، گەر دەتەوێ ژەنگ بەر دیوارەکانی ڕۆحت نەکەوێ.. مەهێڵە دەنگی ناسازی مۆسیقا و گۆرانیە پەرپووتەکان لە ناو ژوورەکەتدا بفڕێ، مەهێڵە کتێبی نووسەرە گەوج و بێ ڕۆحەکان پێی بەر ژوورەکەت بکەوێ... مەهێڵە تابلۆی هونەرمەندە بازرگانەکان بەدیواری ژوورەکەتدا هەڵواسرێ.. مەهێڵە ئەو سیاسیە فشەڵ و تووڕەهاتانەی جەلادەتی کۆتریان بۆ شاناز سەلیم لە خاچدا، پێی ڕەشیان بەر زەوی ژوورەکەت بکەوێ.

--- ---

## ـ قاسیدی پەیامێکی جاویدانی

هەڵسوڕان بەناو مێژوویەکی چەواشەدا کە هەموو مەنتقێکی خۆی لە دەستدابێت، مێژوویەك بەوە دەچێ جادووکارێك نەخشەی بۆ کێشابێ، وشە و ڕستەکانی لەسەر پشتی ماسیەکی سرك یان لەسەر باڵی داڵێکی دڕندە تۆمارکرابێ. کەسانێك دەتوانن یاداشتی بکەن، لەناو فەنتازیای خەیاڵێکی قووڵدا نغرۆبووبن، خەیاڵێك کە ڕۆح لە جەستە جیا بکاتەوەو وەك پاڵەوانێکی ئەفسانەیی بەناو داستانەکاندا سەما بکات. ئەو پاڵەوانەی دەتوانێت مێخەکان لەسەر دەست و قاچ و سنگی هەڵگرێتەوە، بەناو دەمی چەقۆکاندا گوزەر بکات و دڵۆپێك خوێن لە جەستەی نەچۆڕێتەوە. لەناو سێودا دەنکی هەنار و لە قووڵایی دەریادا پشکۆی ئاگرین بدۆزێتەوە.

دەبێ کەسانێك بن زەردەشت گوتەنی: ڕۆحیان وەك هەڵۆیەکی بەرزەفڕ بە تاقی ئاسمانەوە بخولێتەوە. بازدەن بەسەر لوتکەکاندا، پێش نوێژی عەدالەتی موریدانی بەهەشت بێت و سەما لە باوەشی سۆزانیەکاندا بکات.

شاروخی شاروخ تەلیسمێکە لە سروش، لە زەینی هەموو ئەو دڵ و وێژدانانەدا بریسکە دەدا کە خۆشنوودە بە پاکژی، بەمیهر و جوانی، بە بینینی ڕووناکیەك لە ناو قەترانی تاریکی.. دێ و ئەو پەیامە لە خەو

هەڵدەستێنێ کە لە ڕۆحی عەلی شەرەفیادا ڕاکشاوە. ئـەو پیـاوەی جەسـتەو جانتاکەی شانی دەباتەوە بۆ تەمەنێك لە ڕابردوو، بۆ وڵاتێکی لە جەنگەوە بۆ جەنگ دروستبوو. لە فرۆکەخانەی سخێپهۆڵەوە بۆنی سنگی دایك، بۆنی ئەو جوانیانەی بوون بە ژێردار و خەڵوزی جەنگەوە، بۆنی چارەنووسی خۆی لە نێـو تالآوی هەڵاتن و گەڕانەوە.

شـاروخ ڕۆحێکـە زادەی ڕۆح، باڵندەیـەکی سـپییە تـەنها ئـەو کەسـانە دەیبینن کە خەون بە هەبوونی شارێکی سـەرتاپا سـپییەوە دەبیـنن، شـاروخ وەك کاهینێك پەلمان دەگرێ بۆ دونیـای پـەنهانی خـودی عـەلی شـەرەفیار و لەوێشەوە بۆ نزارێکی چڕ کە بە ڕەوشەنی مستەفا سەقزی دەست پێـدەکات و تا دواهەمین گەشتی جەلادەتی کۆتریش هەر دوایی نایەت.

ترس و درۆ لە وڵاتی عەلی شەرەفیارا کە نیـشتمانی سـووتاوی ئێمەیـە، تەنها بەردەبازێکە بۆ پەڕینەوە لە مەرگ، دەترسـین بـۆ ئـەوەی نـەکوژرێین و درۆئەکەین بۆ ئەوەی بژین. ئەوەی تالآوی ئەم ژەهرەی نەچەشتبێ، ئەسـتەمە لەژێر زەبری باوکی یان لە ئـاهی دوعـای دایکـی منـاڵی بەخۆیـەوە دیبـێ، ئەگەر نا لەناو بەرداشی جـەنگی دۆڕاوی وڵاتـا یـان لەبـەر پـەتی مـەرگ و گوللەی دوژمنا لاوێتی بەخۆیەوە دیبێ، ئەگەر هەرنا، دوای هەڵاتن لە ژیانی دەربەدەری وتەراوگەدا، زۆر زەحمەتـە بـەبێ ئـەم دوو بـەردەبازە ئاسـوودەگی بەخۆیەوە دیبێ.

تــرس و درۆ نــەك لەبەرئــەوەی بڕوامــان پێیــەتی بــەڵكو لەبەرئــەوەی پێویستمان پێیەتی.

لەناو لیتاوی ئەو زۆنگاوە نەفرەتیەدا، (خەیاڵ) ئەو فریادڕەســەیە كــە لــە نوقم بوون دەمانپارێزێ، جوامێری و ڕاســتگۆیی لــە ناخمانــدا بــە زینــدوویی ڕادەگرێ. هەربۆیە عەلی شەرەفیار پاڵەوانەكانی ڕادەستی خەیاڵ دەكـات. تـا وەكو بەسەر چەقۆی مــەرگی ئــەم ســەردەمەوە بپەڕنــەوە بــۆ ســەردەمەكانی دیكەی ژیان.

جەلادەتی كۆتر(سەندیبادە) گەشتی ژیانی بە مەرگی دایك كە گەورەترین غەزەبی خوایە دەست پێدەكات و فلووتێكی بەجێماو هــەروەك ســیزیف لــەو قــەدەرە یــاخی دەكـات. هــاوڕێ و مامۆســتاو فلــووت و مــەرگی دایــك، ئامادەكردنی ڕۆحە بۆ سووتان. ئەو ڕۆحەی نووسەر دەیەوێ ئــەو یاداشــتانەی پێبنووســێتەوە كــە لــە تەمــەنێكی ســووتاودا ئاســەواریان نــەماوە. بەســەر ڕۆژمێری ئەو ڕۆژانەدا بچێتەوە كە ئەمڕۆشی بەخۆیەوە گرێداوە.

تلۆربوونەوەی ئەو بەردانەی لە بەرزایی شاخەكانەوە ڕۆچوون بەرەو بیابان، بیستنی دواهەمین زریكەی ئەو كچ و ژنانەی لــە قــووڵایی بیرەكــانی نــەریتی ناشرینمانا دیلن.

پۆشتەكردنەوەی ئەو سۆزانیانەی كە جەنگ ڕووتی كردنەوە. جاڕدانــەوەی

ئەو دادگایەی تاوانباران ڕۆحی خۆیان تیـادا پاکدەکەنـەوە، ناسـینەوەی ئـەو ڕۆحانەی لەو دیو سنوورەکانی مەرگ هاتوونەوە.

ڕۆحێك دوور لە خولیای سەندباد بۆ بەدەستهێنانی گـەنجی زێـڕ و گـەنجی بەختیاری، ڕۆحێك بۆ ڕامکردنـی پاسـەوانەکانی جـوانی، بـۆ لـە ملکردنـی کلیلی ئۆقیانوسی هاوار. ئۆقیانوسی هەموو ئەو جوانیە پیرۆزانـەی بـەرزمان دەکەنــەوە بــۆ مەلــەکوتی بــەهرە و داهێنــان، مەلــەکوتی ڕۆحــە پــاك و جاویدانەکان، بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان.

دەســتەواژەیەکی پێــچەوانە لــە ڕەسمــی کاراکتــەردا خــۆی دەنــوێنیّ کــە بالأدەستی نووسەر لە نوێکاریەکی زۆر ناوازەدا بە دیاردەخات.

ئاشکرایە پاڵەوانەکان تێکڕا قوربانیەکانی ئەو ڕووداوە خوێناویانەی کە لە بیست ساڵی کۆتایی سەدەی ڕابردوودا قەوماوە. واتە پاڵەوانەکان لە دامێنـی ڕووداوەکــانی ئــەو مێــژووەوە هاتوونەتــە نــاو ئــەم ڕۆمانــەوە. کەچــی لــە خوێندنــەوەی هەڵــچوونی درامــاتیکی ڕۆمانــدا وەك(دەق)، کەسـایەتیەکان پێشڕەوی چیرۆك و ڕووداون، ئەوان ڕووداوەکان لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە تلـۆر دەکەنەوە. بەو ئاقارەدا ڕووداو پەلکێش دەکەن کە خۆیان دەیخـوازن. ڕووداوی مێژوویەکن کە بەدەست و قەڵەمی خۆیـان نووسـراوەتەوە نـەك واقیـع ئـەوە پێچەوانەی هەڵچوونی چیرۆك و ڕووداوە کە لە تێکستی ئەدەبیدا باوە.

بڵاوبوونەوەی پەتای ڕشانەوە، نهێنی قەدەری ئۆدیب هەڵدەداتەوە. مردنی باوك، دڵەڕاوکەی بەدواداچوونی هاملێت پەلکێش دەکات، بەڵام لەم دەقەدا شاروخی شاروخ تەلیسمەکانی ڕۆحی عەلی شەرەفیار بێداردەکاتەوە، دالیا سیراجەدین دۆسیەی قوربانیەکان هەڵدەداتەوە، موسای بابەك دەروازەی ئۆقیانوسی هاوار دەکاتەوە، بابلی پرتەقاڵی مێژووی دۆزەخی دیکتاتۆر دەخوێنێتەوە، جەلادەتی کۆتر هەواڵی مەلە سووتاوەکانی شاخ و دواهەمین هەناسەکانی ژێر لم و دابارینی سۆزانیەکانی پرتەقاڵی سپی و فڕینی ئۆردووگای ئاوارەکان و دۆزینەوەی ئیسحاقی لێوزێڕین لە شاری مۆسیقارە سپییەکانمان بۆ دەهێنێتەوە. عەلی شەرەفیار خەیاڵی خۆی سواری ئەسپێکی سپی وەك چووری شیر کردووە و هەموو ئەو قوربانیانە لە دەنگی نادیاری فلووتەکاندا و لە تابلۆ هاوشێوەکانی مۆسیقارە سپییەکاندا، ڕووداو دیلی ئەو ڕۆحانە دەکات کە قاسیدی پەیامێکی جاویدانن. چیرۆك و ڕووداو وەك پەڕێکی سووك، بەناو فەزای خەیاڵی ئەو پاڵەوانانەدا دێن و دەچن. بەجۆرێك، مێژوو ڕووداوەکانی خۆی ناناسێتەوە. تەنانەت شارەکان گوندەکان، باڵەخانەکان بەناو فلتەری خەیاڵێکدا هاتوونەتەوە، بەچاوی خەیاڵ نەبێت نایناسینەوە.

دەسەڵاتی کەسایەتیەکان هەر بەتەنها چیرۆك و ڕووداوی پاشکۆنەکردووە، بەڵکو هەردوو یەکەی کات و شوێنیشی تێپەڕاندووە. لە یەکەم دەستپێکەوە

تا کۆتایی، کات نائارامە. هەندێکجار وەك بروسکە گوزەر دەکات و هەندێك جاریش تا لێواری مەرگ و فەنابوون وشك و ڕاوەستاوە. زۆرجاریش کات هەر ئاسەواری نامێنێ. کەسایەتیەکان وەك تارمایی بەناو زەمەندا دێن و دەچـن، وەك ئەوەی نەیانەوێت شوێن پێیـان بەسـەر هـیچ سـەردەمێکەوە دیاربێـت. نــازانی ئەمانــە قوتــابی مــۆزارتن یــان گــوێگری نــەوارەکانی خــالقین.. قوربانیەکانی ئـەنفالن یـان پاشمـاوەی تـابلۆ بێناوەکـان. ئامـادەبوون لـەناو ڕووداوەکانی مێژوویەکی نەسرەوتدا، سەفەرکردن بەناو قووڵاییەکانی ڕۆحـدا، بەرزبوونەوە بۆ مەلەکوتی نەمری، یاخیبوون لە قەدەرەکانی ژیان و مـردن... هەموویان پێکەوە سیمای ئاڵۆزی ئـەو کەسـایەتیانە بزردەکـەن کـە نـەتوانی لایەنەکانی کەسێتی جیابکەیتەوە.

کەواتە لە زستان بەفر چاوەڕوان دەکرێ و لەو کەسایەتیە ئاڵۆزانـەش ئـەو مێژووە نەبینراوە تۆمار دەکرێ. فلّچەکان بـە جۆرێـك ڕەنگـەکان دادەڕێـژن، تابلۆیەکی نوێ دەنەخشێنن کە لە سکێـچی مێژوویـەکی بەسەرچـوو ناچـن، مێژوویەك کە دیومانەو دەمانەوێ جارێکی تریش ببینینەوە.

فــەزاکانی ڕۆح ئــەو چــیرۆکانەی هەڵــچنیوە، مــەوداکانی خــەیاڵ ئــەو ڕووداوانەی تەی کردووە... ئەو کەسایەتیانە بەسەریاندا دەپەڕنەوە کە قاچیان لەسەر هیچ جێگایـەکی ئـەم دونیایـە گیرنـەکردووە. چۆنیان دەوێ دەڕۆن و دەفڕن، کەی دەخوازن دەژین و دەمرن. هـیچ یـەکێکیان نـە جادووگـەرن نـە

کەسایەتی ئەفسانەیی. ئەو ئەسپەی لە ژێر پێی ئەواندایە، ئەو ڕۆحە پاکژەیـە لەناو سنگی هەر هەمووماندایە. ئەو ئاوازەی لە گوێی قەقنەسەکاندایە، ئـەو باڵندە سپییانەی بەسەرشانی پاسەوانەکانەوەیە، ئـەو دۆسـیە بـێ بەزەییـەی لەناخی بابلیدایە، ئەو ئارەزووەی شاناز سەلیم کە بۆنی مەرگی گرتـووە، ئـەو عەشقەی ئابڕووی دالیا سـیراجەدینی بـردووە..، ئـەو حـەزەی بابـەك و ئـەو تەلیسمەی شاروخی شاروخ، عەلی شەرەفیاری بۆ نووسینەوەی ئەم مێژووە پڕ لە فەنتازیایە ناچارکردووە.. لە ناو هەر هەمووماندا ئامادەیـە، گەرمانـەوێت لەناو ڕۆحماندا بوونی هەیە.

کەواتە کەسایەتیەکان حەقیقەتێکی پەراوێزکراون، ئەو حەقیقەتەی دەبـێ بەچاوی دڵ بیبینی، گوێ هەڵخەی بۆ ئەوەی گوێـت لـە دەنگـی پێـی بێـت. مەست و خومار لە تاریکیدا هەڵڕوانی تاوەکو تارماییەکانیان دەردەکـەوێ.. لەو جێگایانەدا بوونیان هەیە کە بەر نەفرەتی ڕۆژگار کەوتوون. کەسایەتیەکن ئەوەندە سووك و ناسکن، هەور دەتوانێ لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچیان بکات، پارچـە مۆسیقایەك سەرخۆشیان بکات، تەونێکی جاڵجاڵۆکەیی لـە ڕۆحیاندایـە، لـە هەر کوێیـەکی دونیـابن کۆیاندەکاتـەوە. پەیوەنـدی نێوانیـان باڵنـدە سـپیە نادیارەکانە، تابلۆ بێناونیشانەکانە. نۆتەی ئەو مۆزیکەیە لـە هـەوادا سـەما دەکات، قەدەری ئەو چارەنووسەیە کە هەموویان گومڕاو پەراوێزدەکات.

نووسەر نایـەوێ کەسـایەتیەکانی لـە دوورەوە سـەیرکەی، لـە بـەردەمتا

هەڵبەزنەوە و شیوەن بۆ ڕابردوو بگێڕن. بەڵکو دەیەوێ سەفەریان پێ بکات بۆ ناو ناخی خوێنەر، وەك مێخ لەناو ڕۆحتدا دایانکوتێ. نیگات وێڵکەن بەدوای جوانیا، دڵت شەیداکەن بەدوای عەشقێکی جاویدانیا.

قەقنەسەکان دەیانەوێت نووقمی سەمایەکی دەروێشانەت بکەن، ئامادەت بکەن بۆ ئەوەی ببیتە قەقنەس. دەتبەنە سەر ئەو ڕێگایە کە دەتباتەوە بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان.

------

## ـ تەتەرێك پۆستی تارماییەك دەگەیەنێ

(کارەسات) هەروەك(داهێنان) گوژمەیەکە بۆ گۆڕینی واقیع، ئەویش لە سەرەتاوە کارێکی نامەئلوفە، ناتوانێ بەئاسانی پەی بە قەوارەی بەریت، بەڵام کە هێمن بووەوە و بووە بەشێك لە واقیع، ئەو بۆشایی و ئاسەوارەت بینی کە بەرپای کردووە، ئینجا دەبێتە کارێکی مەئلوف و لێیدەگەیت.

بۆ وێنە کارەساتەکانی هەڵەبجە، ئەنفال، کۆڕەو... لە ڕۆژانی خۆیاندا و دەمودەست نەبوونە شاکار، ئەمڕۆ و مێژوویەکی زۆر دوورتر لە ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، چاوەڕوانی بەخششی زیاتری ئەدەبی و هونەری و فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لێچاوەڕوان دەکرێ.

کەواتە هەرچۆن دەبێ چاوەڕوانبی(داهێنان) بریسکەکانی خۆی بەدیاربخات، ئاوهاش دەبێ بووەستیت تا(کارەسات) تۆزوخۆڵی دەنیشێتەوە یان بۆشاییەکان لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت.

ئاوارەییش هەر ئاوهایە، غوربەت، ئاوارەیی، تەراوگە، پەناهەندەیی، غەریبی، دوورە وڵاتی ئەمانە تەنها وشەن لەگەڵ تێگەیشتن لە واتاکانیان. کاتێکیش پێت بە ئاگری ئەو دۆزەخەیا دەچزێ، لەسەرەتاوە تا ئەو دەمەی بەتەواوی هێور دەبیتەوە هەر جۆرێکە لە تێگەیشتنی واتا و بەس. بەڵام کە

به تەواوی هێمن بوویتەوە و نیشانەکانی وەك کانە خورما بەسەر ڕوخسارتەوە دەرکەوت، لە بێدەنگی ئەو دۆزەخەیا گوێت بە دڵی ئەو وشانەوە گرت، ئینجا قرچ و هوڕی ئەو ئاگرە دەبیستی، ترس و ژانێکی زۆر تۆقێنەر وردە وردە شۆڕتدەکاتەوە بەرەو ناوەوەی ئەو واتایانە، ئەو واتایانەی کە ئەو وشە سادانە لەگەڵ خۆیدا هەڵیانگرتووە.

ئاوارەیی هەناسەیەکە، شانۆیەکی پێچەوانەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. شانۆیەك کە تۆی غەریب و دوورە وڵات لەسەر تەختەی نمایش دەسڕێتەوە، بەرگی ئەکتەر لەبەرتدا دادەماڵێ، دەتکاتە بینەرێك کە تەنها توانای بینین و بیستنت ماوە، واتە لە ئەکتەرەوە دەبیتە بینەر. بینەرێك کە بە کورسیەکەوە بەستراویتەتەوە توانای بزوتن و ئاخاوتنت لە دەستداوە، لە مەنفایەکدا دەخولێیتەوە دوورە لە ژیان، دوور لەو ڕۆڵەی لە درامای ژیان و بوونی خۆتدا چارەنووس پێیبەخشیوی. ئەو چارەنووسەی کە تۆی مەنفاکردووە لەو شانۆیەو بەو کورسیە ڕاوەستاوەوە مەحکومی کردووی کە هەموو تواناکانی جووڵەی پەکخستووە.

تەنها ئەو جووڵەیە لە ناوەوەڕا لە نەسیمی ئەوبایە دەنۆشێ کە گیانە پاکژەکان دەیگوازنەوە، ئەو نەسیمەی گوێکان هەستیارتر و چاوەکان تیژبینتر دەکەن. تاوەکو گوێمان لە دواهەمین هەناسەی قەقنەسە پەراوێزکراوەکانی

نیشتمان بێت، تاوەکو چاومان لە یەکەمین باڵەفڕەی باڵنــدە خۆشــخەبەرەکانی نیشتمان بێت.

ئەو دەمەی لە شەڕێکی هیچا برا گوللەی بــە بــرای خۆیــەوە دەنـا، ئــەو دەمەی بەهار و پایز بە ملکی حیزبەکان کرا.

(ڕەنگ) مایەی بوون و مانەوە بوو، ڕەنگ تاکە نیشانەی هەرزان فرۆشــان بوو. لوتکەی شاخەکان بەزەبری گوللە نەوی دەکرا، کەروێشکە ســرکەکان لــە ژێر زەبری ناندا ماڵیدەکرا، باڵندە کێوییەکانیش بە تەنەکەلێدان لە نیــشتمان ئاودیو دەکرا.

بەختیاری نووسەر یەکێك لەو باڵندە کێویانەبوو کە بوو بە ژێر دەســتوپێی ئەو دەمەوە. بەجۆرێك هەڵیانبڕی، جگــە لــە ڕۆحێکــی قەقنــەس، ڕۆحێکــی جاویدان، فلوتێك. زیاتر هیچی تری پێقوتار نەکرا، ئەو فلووتەی ساڵانێك بوو لە ژێر پۆستاڵی مەرگا دەمی لێبەرنەدابوو.

کەواتە ئەم لە زەمینێکەوە گۆرانی دەچڕێ، ئالودەیە بە جووڵەیەك کە لــە ناوەوەڕا لە نەسیمی بای نیشتمان دەنۆشــێ، بەچــاوێك لــە تەختــەی شــانۆکە دەڕوانێ کە چاوی بینەرێك دەیخوازێ. لە نێوەندی خەونێکدا نوقم بووە تــەنها (خەیاڵ) و (ڕۆح) دەتوانێ ببزوێ. دەبــێ ئــەو ئەســپە باڵــدارە تــاودا تــاوەکو بەسەر دۆزەخی ئەو مێژووەدا بچێتەوە کــە لــە یــادەوەری قەقنەســەکاندا بــە جێماون.

ڕەوتێکی ئەفسانەیی، هێزێکی خـودایی هــەبێت تـا نیــشتمانێك بــۆلای ڕۆحێکی کەنەفت بێنیٚ و ببا. هەربۆیــە پۆســتەکەی شــاروخی شــاروخ هــەر لەسەرەتاوە ڕۆح و خەیاڵی عەلی شەرەفیار دەکاتە تەتەر، ئەو تەتــەرەی دوای (٦٢٥) لاپەڕە دیلبوون بەدیار دوا وشەوە، لە فەزای خـەیاڵ و ڕۆحـی خۆتـدا ئازادت دەکات.

هەر لەسەرەتاوە عەلی شەرەفیار دەست لە دەســتی تارماییــەك دەکـات، تاوەکو ئەسیری ئەندێشەی چیرۆکێك نەبێت کە پاڵەوانەکەی بە سەرکەوتن یان بەمەرگ کۆتایی دێت، خەو نەتباتەوە بــەدیار مێژوویەکــەوە کــە لــە فیلمــە دیکۆمێنتیەکاندا هەزاران وێنــەی لەبەرگیراوەتــەوە. دەیــەویٚ لەگــەڵ خۆیــدا سەفەربکەیت بۆ دوورگەیەك لە سەراب تـا نەوەســتی و بــەردەوامبیت، هــەر بڕۆیت و سەرەتابیٚ، هەر بڕۆیت و زیاتر گەرووت وشك و تینووبیٚ.

گەر نەتوانی ڕێکەیت و هاوڵی بیت، گەر نەتوانی سەر بە جەنگــەڵی ئــەو دوورگەیەدا بکەی کە ڕۆحەکان کۆڕیان تیا بەســتووە، تارماییــەکان زمانیــان گرتووە، ئۆردووگاکان باڵیــان گرتــووە، بێگوناهــەکان ملیــان لەبــەر چــەقۆی تاوانبارانـدا ڕاگرتووە، پارەداران ســەرلوتی خۆیــان ڕەشــکردووە، ســۆزانیەکان ئەتکی پیاوانیان کردووە. گەرنەتوانی لەو دوورگەیەدا چـاوەڕوانی ڕامکردنــی ئەو ئەسپە سپیە بیت کە ڕۆحت کێش دەکات بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان،

لــە ســخێپهۆڵەوە ســواری ئــەو فڕۆکەیــە مەبــە، کــە تەتــەرێك بــە پۆســتی تارماییەکەوە تیایدا دانیشتووە.

نووسەر دەیەوێ خەنجەر بە هەناوی ئــەو مێــژووەدا بــچەقێنێ کــە باڵنــدە یاخیەکانی هەڵبڕیوە، ڕۆحە قەقنەسیەکانی پــەراوێز کــردووە، نیــشتمانی لــە شەڕێکی دۆڕاوا نغرۆکــردووە، داروبــەرد و شــاخ و ئــاوی نیــشتمانی ڕەنــگ کردووە، جوانیەکانی لە ئۆقیانوسی هاوارا توند کردووە، شانۆیەکی ئــاوەژووی نمایش کردووە.

دەیەوێ ئەو مێژووەی قیامــەتێکی لــە ناشــرینی دروســت کــردووە، ئــەو ئاوازە ناسازانەی گوێی هەمووومانی کپ کــردووە، ئــەو هونــەرە ناشــرینانەی ڕەنگی چاوەکانمانی بردووە، ئەو ڕەنگە ساردو مردووانــەی، گالیــسکەی ئــەم مێژووە بروسکەییەی ڕەق لە شوێنی خۆیدا ڕاگرتووە.

لە پاشکۆی ڕووداوەکاندا نەبێت، لــەناو تەنەکــەی خــۆڵی بــەردەم مــاڵی قەقنەسەکاندا نەبێت، زەفەر بە کاروانی ئەم گەشتە نەبەن، پێ لــە جەنگــەڵی ئەم دوورگە هەتاهەتاییە گیرنەکەن.

کەسێك ڕۆح یاخیکردبێ و خەیاڵ گەشــتی پێکردبــێ، دەبــێ جیهــانێکی ئەفـــسانەییمان پێبناســـێنێ، ئەفـــسانەیەك کـــە ســـونبولەکان تیایـــدا دەدرەوشێنەوە، ئەو سونبولانەی زیاتر لە واتایەك لێکدەدەنەوە.

شاری مۆسیقارە سپییەکان ناونیشانێکی سونبولئامێزە، چۆن دەخــوازی،

ئاوها لێکیبدەرەوە؟ (مەلەکوتی بەهرە و داهێنان، ئاوێزانبوونی ڕۆحە پاك و جوانیە ڕەهاکان، هەڵایسانی جەنگی قەقنەسەکان، جۆشدانی کەرنەڤاڵی ڕۆحە یاخیەکان، وەڵامی پرسیارەکانی ئەم سەردەمە ماخۆلانە، بینینی ڕوخساری جوانی شاراوە بە زوڵمەتی ئەم سەردەمە جادوکارە) هەر ئاوها دەتوانی هێماکانی دیکەش بخوێنییەوە. (فلووت، ئەسپ، باڵندەی سپی، ئەنفال، ئۆردوگا، تارمایی، ئۆقیانووسی هاوار، پرتەقاڵی سپی، دادگا، بابلی، مێخ، تابلۆ، چاوەڕوانی بۆ گەڕانەوەی جەلادەتی کۆتر...).

دەتوانین بڵێین: هەر شتێك زیاتر لەواتایەك هەڵگرێ، دەبێتە هێما، هەر بەرهەمێکیش توانی زیاتر لە هێمایەك لەگەڵ خۆیدا دەرخات دەبێتە ئەفسانە، هەر ئەفسانەیەکیش ئەو هەستەت لەلا دروست بکات کە تۆ بتوانیت لەناو ڕووداوەکانیداجێی خۆت بکەیتەوە، دەبێتە شاکار.

بەپێی ئەم هاوکێشەیە، شاری مۆسیقارە سپییەکان کۆمەڵە هێمایەکن لە گەشتێکی ئەفسانەییدا، بەناو مێژوویەکدا گوزەردەکەن کە ئاسەوارەکانی وەك کانە خورما بە ڕوخساری هەمووومانەوە دیارە. کەواتە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان شاکارە. شاکارێك لە یەکەم دەسپێکەوە سواری پشتی ئەو خەیاڵەت ئەکات کە هەموو باڵندە یاخیەکانی نیشتمان پێی ئاشنایە، لە یەکەم هەنگاوی ئەو گەشتەوە، تارماییەك بێدارت دەکاتەوە، لەبەر پەنجەرەی هەموو قەقنەسەکاندا ڕاوەستاوە. فلووتێك ئاوازی مەرگی بە کۆمەڵی ناو لمی

بیابانەکانی باشوور دەچڕێ، (٢٨٢) هەزار کەسی تیا ڕاکشاوە. تاوانبارێك لاپەڕەی تاوانەکانی خۆی هەڵدەداتەوە، لەسەر سنگی هەموو چۆلەکەکانی ئەم وڵاتە نووسراوە. کچێك بەئاگری عەشق ئەتککراوە، لەسەر کێلە بەردی هەزاران ژنی نیشتمان بە خۆڵی شەرم داپۆشراوە. باس لە موعجیزەی هەستانەوەی جەلادەتی کۆتر دەکات لە مەرگ، کێ لە وڵاتی بابلیدا ئەو موعجیزەیەی بەچاوی خۆی نەدیوە؟ گەرنا لە خەونیدا، یان لە ناو ژووری ڕەشی خەیاڵیدا، گەرمی گوللە سینەی کون کون نەکردووە، ملی لە پەتی ئەستوری سێدارە نەئاڵاندووە، ئازاری ئەشکەنجەکانی بابلی نەیتۆقاندووە.

هەموومان بە شوێن کەرنەڤاڵی ئەم گەشتەوەین، پاك و پیس، تاوانبار و بێگوناه، ڕەش و سپی، جوان و ناشرین، ئەو تەتەرەین کە پەیامی تارماییەکان لە ڕۆحمانایە.

ئەو نەخۆشەین کە بە سۆزی ئاوازی فلووتەکان هەڵدەستینەوە. ئەو دەموچاوە تۆقیوەین لەسەر دواهەمین هێڵی مردن هاتووینەوە. ئەو تاوانبارەین لەبەردەم دادگاکاندا شەرم لە دەفتەری بیرەوەرییەکانمان دەکەینەوە. ئەو باخەوانەین کە بۆنی هیچ گوڵێك ناکا، ئەو قەقنەسەین کە خۆی بۆ دواهەمین سەفەر ئامادە ئەکا.

خەیاڵ و واقیع پێکرا پەلکێشمان دەکا، نە قاچمان بەزەویدا دەچەقێ و نە سەرمان لە تاقی ئاسمانا ون دەبێ، گەشتێکە بۆ بێدەنگی، بۆ ڕاچڵەکین، ئەو

تەواو ئەبێ و تۆ تەواو نابی، وەك عەلی شەرەفیار وات لێدەكات، دوای چوار ساڵیش هەر چاوەڕوان بی.

ئەمە زادەی ژانی ئازارێكە دوای كارەساتی غوربەت، دەركەوتنی نیشانەكانی ئەو سروشەیە كە نیشتمان بۆلای باڵندە یاخیەكان دێنێ. لە تاریكی ئایندەی تەراوگەیا، مۆمەكانی لە دایكبوون دادەگیرسێنێ.

ئەمە نەسیمێكی تازەیە سەرمان كەیلی مەستیەك دەكات، لە ناو خەیاڵدا بەدوای واقیعدا بگەڕێین، لە ناخی تاوانبارەكاندا ناونیشانی بێگوناهەكان دەربهێنین. بەسەرشانی قەقنەسەكانەوە باڵندە سپییەكان ببینین. مژدەیەكە بۆ بێداربوون لە قووڵایی خەونەكاندا، بۆ هێنانەوەی ئەو جوانیانەی لە مەلەكوتی خواوەندا پارێزراون، بۆ پیرۆزكردنی ئەم زەوییە جوانەی هەر هەمووومان لەسەری ڕاوەستاوین.

كەواتە خەیاڵێك بۆ تواندنەوە بەسەر جوانیەكانی ژیاندا، خەیاڵێك بۆ ئەبەدیەت، بۆ سەركەوتنی خودا لەو یاری شەترەنجەی لەگەڵ شەیتانا دەیكا. بڕوابوون بە هەبوونی پاسەوانەكانی جوانی، خەیاڵێك هەروەك ماكس فریش دەڵێ: ئەو كودەتایەی لە خەونا دەیكەین، دەكرێ لە واقیعدا بێتە شۆڕش.

تەراوگە بۆ كەسێك تەمەنی لە(مالا یعنی) جەنگ و ترس و نا ئومێدیا پووچ بووبێت، دەگەڕێتەوە بۆلای ئەو مناڵەی ئازار گەورەی دەكات. ئەو مناڵەی ڕێی دەچێتەوە سەر ئەو هەموو كارەسات و مەرگە ساتانەی كە

بیرەوەرییەکانمانی داخ کردووە. مێژووی ئەو نیشتمانەی هەموو ڕۆژەکانی، هەموو بستۆکە زەمینەکانی داڕزاوە. لە هەر لایەکەوە دەستی بۆ دەبەیت هروژمی کرم تێیئالاوە. جێدەستی خوێناوی ئەو دوژمنانەی بابلیەکانی تێبەرداوە، ئەو شۆڕشگێڕ و حیزبە ڕەنگ ساردانەی خۆیان بەسەر برینی جەستەیدا داکوتاوە. لە هەمووشیان زیاتر ئەو هەموو بەناو هونەرمەند و نووسەرانەی ڕوخساری هەموو جوانیەکانیان تێکداوە.

دەگەڕێتەوە بۆ لای منالێك هێماکانی نووسەر ئاشکراکات، ئەو سەفەرەی لەگەڵ لێوزێڕیندا ڕۆحی بۆ ئامادە دەکات، ئەو شارە بێناونیشانەی لە تەپوتۆزی جەنگەکاندا ژن و کچی ژەنەراڵەکان ئەتك دەکات. ئەو بابەکەی پێ لە بوونی خۆی دەنێ و بوونی جوانیەکانی دی مسۆگەر دەکات. بابلی ناوی ئەو شارستانیەتە ساختەیەی وەك گرتوخانەیەکی گەورە مێژووی میللەتێك زینداندەکات.

منالێك سووك و سادە، سەردەمێك ماخۆلان ناهێڵێ ڕاوەستێ و ئۆقرەبگرێ.. لە باوەشی دایکەوە بۆ کەلاوەکانی شار، لە شاخەکانی کوردستانەوە بۆ مەیدانی شەڕەکانی جەنگی عێراق ئێران، لەوێوە بۆ بینینی مەرگی پڕ لە عەزابی ئەنفالەکان، ناسینی پرتەقاڵی سپی بۆ یاداشتی بیرەوەری سۆزانیەکان. لە ناو کلێپەی ڕاپەڕینی شەعبانیدا ئەو زیندانیانە ناونووس دەکاتەوە کە لە بیر مێژوو چوونەتەوە.

لە ئۆردوگا و باڵەخانەکانی ئاوارەییدا ژیان بەڕێدەکات کە وەك یاریەکی منالآنە، لە شوێن خۆیان جێگۆڕکەیان پێدەکات. تابلۆی ئەو دروشمە دیموکراسیە ئامدیو دەکات، لە زیندانەکانیا شاناز سەلیم چارەنووس دیاری دەکات. لە کۆتاییدا ئامدیوی گەشتێك دەبێ، ئێمە لە چارەنووسێکی ئەبەدیدا قەتیس دەکات.

چیرۆکێك مێژوویەکی نزیك مەوداکانی دارشتووە، بەڵام قەڵەمێك ڕووداوەکانی تۆمار دەکات.. سەر بە کۆڵانە زۆر تەسك و تاریکەکانیدا دەکات، مێژوونووسان دەستیان پیاڕانەگەیشتبێ. کەسێك دەبێتە قارەمان، لە لیستی پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەدا ناونووس نەکرابێ.

ئاڵۆزیەك لە هەڵچنینی دەقدا پەیڕەوکراوە مێژووە دوورونزیکەکان، کەسایەتیە یەکچارەنووسیەکان، ئەو قەدەرانەی ڕێکەوت ئامادەیان دەکات، تەنانەت کەرەسەو ئێکسسوارەکانی وەك فلووت و تابلۆو دۆسیەکانیش، ئەو ئارەزووە تێردەکات کە لە فەنتازیای خەیاڵی ئەدەبێکی دراماییدا دێتودەچێت نەك لە ڕووداوێکی مێژووییدا.

هەربۆیە لە کاتی خوێندنەوەدا بەردەوام هەست دەکەیت، کامێرایەکی هەستیاری سینەمایی وێنەکان ڕادەستی تۆ دەکات کە نووقمە لە جوانی، ئەدەبێکی تێروپڕ لە شاکاری هونەری.

دارشتنی دەق لە شێوەی گشتیدا شوێن پێی سیناریۆیەکی سینەمایی هەڵگرتووە، دیمەنەکان لەو گۆشانەوە وێنە دەگرێ کە هەڵمەت بۆ بەرەوپێشچوونی ڕووداو دەدەن. زۆر لە نزیکەوە ئەو وێنانە دەگرێ کە لە ڕووداوەکانیاندا چێژێکی هونەری لە بینینیاندا هەیە. بازدانێکی کامێرایی پەیڕەو دەکات لە بڕینی ڕووداوەکاندا. لە هۆنینەوەی درامایی‌دا(الحبكة الدرامية) زۆر بەڕوونی ڕەسمی کاراکتەرەکانی دەکات.

هەروەك فیلمێك لەسەر کاغەز، بینین پێشڕەوی تێگەیشتنە تەنانەت لە مۆنتاژی پێکەوەگرێدانی وێنەکانیشدا، ئینسێرتی بەردەوامی وێنەیی لە یادنەکردووە.

بەهێزکردنی تواناکانی بینین لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا، بەیەکێك لە بنەما گەوهەرییەکانی بەدواداچوونی دەق حیساب دەکرێ. بینینێك لە ژێر کارتێکەری وێنەکاندا، ناچاردەبێ واقیع و خەیاڵ لێکدی جودا نەکەیتەوە.

ئەمەیش ئەرکی تێگەیشتن لە فیکر ئاسان دەکات. دەتوانین بڵێین: فیکر لە دەوری دیالۆگ و تێگەیشتن لە دەوری وێنە ئالاوە. وێنە لە بەرجەستەکردنی ئەو گۆشە و دیمەن و ساتە دراماییانەوە کە نەخشەی سیناریۆیەکی سینەمایی کێشاوە. چونکە ئەو تێکئالانەی لە ڕووداودا بەدیاردەکەون و ئەو دیمەنانەی لە گواستەوەیەکی بەردەوامدان. دەبێت ڕایەڵێکی هونەری هەبێ، تاوەکو بەدیار ئەو دواهەمین ساتەوە بمێنینەوە کە جەلادەتی کۆتر تیا ئاوادەبێ.

بالاَدەستی(زمان) لە گێڕانەوەدا، لە لێکدانەوەی هزر و فەلسەفەدا، لە ڕەسمکردنی وردەکارییەکانی کامێرای بینین و سیناریۆی حالەتەکاندا، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پەیژەی دراماتیکی دەق هەیە.

نابێ ئەوەمان لە یادبچێ ئەو زمانی ئاخاوتنەی کە خەڵکی سادە لە ژیاندا قسەی پێدەکەن، بەشێکی گرنگە لە دیالۆگی درامایی. واتە پێویستە بهێڵی کەسایەتیەکان بۆ خۆیان بدوێن و بە شەڕبێن و ئاشت ببنەوە. چونکە ئەوە لایەنێکی گرنگە لە سیفاتی کاراکتەر و لەو ڕاستگۆییەی، بەهاکانی چێژوەرگرتن مسۆگەر دەکات، بەڵام نووسەر لەگەڵ پەیڕەوکردنی ئەم زمانە سادەیەدا، ئەو ئاخاوتنە مەعریفی و زانستیەشی لە یادنەکردووە کە وەك ڕەوتێکی دوولایەنە، ڕیتمێکی پڕ لە جووڵەی بەخشیوەتە سەرتاپای دەق. واتە زمانی ناودەم کە دەربڕینی زمانی سادەی کەسایەتیەکانی ژیانە، لەگەڵ زمانی دڵ و خەیاڵ کە ڕەنگکردنی دیمەنەکان و خولقاندنی فیکری فەلسەفی ڕۆمانە. ڕاگرتنی ئەو دوو هێڵە تەریبە، هەروەك حەمزاتۆف دەڵێ:"نە خەڵکە سادەکان لە تێگەیشتنی بێبەشەو، نە شاعیرە زمان پژاوەکانیش گاڵتەی پێدەکەن".

نابێت ئەوەش بەهەند وەرنەگرین، کە ڕەسەنایەتیەك لە پاراستنی ئەو مۆرکە نەتەوەییە بەرقەرار دەکات کە سەردەمی ئەو قۆناغە مێژووییە دیاریکردووە و نووسەر لاپەڕەکانی لە تاریکیدا هەڵدەداتەوە.

یەکێك لە خاڵبەندی ئەو جوانکاریەی(دەق)ی ڕازاندۆتەوە، ڕاستگۆییە لە دەربڕیندا، هەستکردنە بەبوون و قەوارەی ڕووداوەکان، بە شوێنکەوتنی ژیرانەی کەسایەتیەکان. ئەمەش ناچاری کردووین کە بڕوای تەواومان بە دروستی چیرۆك و ڕووداوەکان هەبێت و بێ دوودڵیش لەو ڕووداوانەدا ئارامگیرببین کە لە فەنتازیای خەیاڵدا دەخولێتەوە.

ئەمەش لە بڕوای تەواوی نووسەر خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە ئامادەکردنی ڕۆحەوە وشەکانی ڕیزبەندکردووە. گوێی بە جووڵەی ئەو هەستەوە گرتووە، ئاوازی ڕستەو وشەکان لە ناوەوەڕادێنێ. دەست بەسیمای ئەو تارماییانەدا دەگێڕێ کە پۆستی غەیب بۆ قەقنەسەکان دەنێرێ. پەیامە وشەی سەر ئەو کاغەزانەن کە با لە ئاسمانەوە دەیبات و دەیهێنێ، تاڵاوی ئەو چاوەڕوانیە دەنۆشێ کە بۆنی گوڵ بە بای شەماڵا بۆ پەپوولە دێنێ.

پاراستنی گوتارێك بە بەرزاییەکانی(٦٢٥) لاپەڕەدا، ڕاکێشانی چیرۆکێك بەناو واقیع و ئەفسانەدا.. نیشانەی پەیامێکی مژدەبەرە، بۆ جیهانێك سەدای ئەم بەرهەمە بەرێت بەرەو ئەبەدیەت و بێ دوودڵی دەنگی ئەبەدیەتیشی بۆ بهێنێتەوە.

--- ---

## ـ گاڵتەجاڕی مارەبڕینی سەردەمەکان

مرد، وشەیەکی تێپەڕە، جودا لە وشە جەرگبڕەکانی وەك ڕووخان، کوژران، سووتان، وێران، داڕمان کە بواری هەناسەیەك لە دوای خۆیەوە دەهێڵێتەوە.

مرد، وشەیەکە هیچ هەناسەیەك لە دوای خۆی جێناهێڵێ، لەگەڵ سێیەمین پیتی خۆیدا تەواودەبێ، بڕینێکە چۆکی دواهەمین هیوا لەگەڵیدا دەشکێ.

ئەرکی جاویدانەگی، وێڵبوونە بەدوای ئەو هەناسەیەدا کە لە پشتی مردنەوە حەشاردراوە، گەڕانە بەدوای ژیانێکا کە مەرگ لە بەردەمیا ڕاوەستاوە. تاوەکو ئەو ئەبەدیەتە مسۆگەر بکات کە واتاکانی ژیان قووڵتر دەکەن، ئەفراندن و پەیامە ڕۆحیەکان لە مەلەکوتی نەمریدا زیندوو دەکەن. چونکە بێ بوونی ئەو ئەبەدیەتە، ژیان جگە لە خۆ ئامادەکردن بۆ مەرگ هیچی دیکە نییە، جگە لە گەشتێکی کورت بۆ فەنابوون هیچی دی نییە.

لە یەکەمین گەڕان بەدوای ئەو ئەبەدیەتەدا، مرۆڤ خودای خۆی دۆزیەوە، پێغەمبەران بە تەلیسمی ئەو ئەبەدیەتە، مرۆڤیان لە حەوزی

کڕنووشێکی بەردەوامدا شتەوە. هەر ئەو داستانی یۆتۆبیایەش بوو کەللەسەری تۆماس مۆری لە چاخەکانی تاریکیدا بڕیەوە.

شاری مۆسیقارە سپییەکان ئەو هەناسە بەردەوامەیە، وشەی(مرد) دەکاتە سەرەتا نەك کۆتایی، ژیان دەکاتە گەشتێك بۆ قوتارکردنی جوانی. کلیلی ئەفسانەیی ئەو قفڵە نەفرەتیەی مردنە کە دەرگای لەسەر ژیان داخستووە.

بردنەوەی یاری خودایە لەسەر داشماڵی ئەو شەترەنجەی لەگەڵ شەیتانا دایبەستووە. بە شەرابی ئەو جیهانە مەستمان دەکات، ڕۆحە قەقنەسیەکان لە قووڵایی مێژوودا هەڵیانگرتووە، بەڕێگایەکدا سەرماندەخات، پێغەمبەران بۆ موریدانی پەیڕەو دەستنیشانیان کردووە. گەڕانە بەدوای ئەو عەدالەتەی، کوردستان لە پێش و لە پاشی ڕاپەڕیندا ونی کردووە.

کەواتە شاری مۆسیقارە سپییەکان هەولێکە، ڕزگاربوونێکە لەو زیندانەی(مردن) کە لووتمان بە دیوارەکانیەوە نووساوە، چارەنووسمانی بە زەماوەندی بابلی و شاناز سەلیمەوە گرێداوە. ئەو پیاوە دڵوونەی بۆنی جەستەی لە لووتی ئەم سەردەمشدا هەرماوە.

زەماوەندی بابلی و شاناز سەلیم، بەرزترین لوتکەی میعراجی قەقنەسەکانە بۆ دۆزینەوەی جیهانێکی پاکژی دوور، دوور لە مەخسەرەی

ئـەم جیهانـە. گاڵتـەجاڕی مـارەبڕینی سـەردەمەکان، مەرگەسـاتی بـە بۆنکەوتنی یەك لەدوای یەکی تاوانەکان.

زەماوەندی نۆژەنکردنەوەی زیندانەکان.. زەماوەندی بە دێبوك کردنـی قەقنەسەکان و پەراوێزکردنی هەمیشەگی جوانی و فرۆشتنەوەی دۆسـیەی عاشقە کوژراوەکان.

زەماوەندی شاناز و بابلی خاڵی بەیەکگەیـشتنی ئـەو هەرەمەیـە کـە ڕۆمانەکە دەکاتە دووکەرتی وەك یەکەوە. تاوانبار و بێتاوان دەکاتـە نـاو قەفەزی یەك دادگاوە، یەك مەشـخەڵی هەڵگیرسـاوەوە، بـۆ دەرکـەوتنی ئەبەدیەتی یەکگرتنەوەی ڕۆحە پاکژ و جوانیـە ڕەهاکـان، بـۆ مەڵـەکوتی شاری مۆسیقارە سپییەکان.

بێهوودەیی سەردەمی بەرخودان و ڕاپـەڕین کـە خـۆی لـە سـەردەمی زیندان و زوڵمەت مـارەبڕیوە، بێهـوودەیی ئـەو جوانیانـەی لـە گـەرووی ئۆقیانووسەکانی هاوارا خۆیان حەشارداوە.

خەوبینینە بەو بەهەشتە خۆشنوودەوە، مۆزارت بـەدیار پیانۆکەیـەوە ڕاوەسـتاوە، لێـوزێڕین لەگـەڵ کەمانـچەکەی و سـەرهەنگ و شـاروخ فلووتەکانیان لەلێویان بەرنەداوە. شارێکی سپی پۆش کە هیچ دادگایەکی تیا دانەنراوە.

نووسەر کە دەبینێ پاڵەوانەکەی لە زیندانێکەوە ڕادەستی زینـدانێکی دیکە دەبێ، جوانیەکان لە هۆڵێکی داخراوەوە بۆ ژێرزەمینێکی داخراوتـر دەچێ. گێلاسـەکان هـەر ئـاوارەن، دۆسـیەی تاوانـەکان هـەر شـاراوەن، قوربانیەکان بەدبەختترو بابلیەکانیش هەر بەپێوەن.

ڕێـی کاکێـشانێکی نـوێ دەگـرێ تـاوەکو بـۆ جیهـانێکی ئەبـەدی بپەڕێتەوە. جیهانێك کە مرۆڤە جاویدانەکان تیایدا باڵادەسـتن، جیهانێـك کە جوانیەکان بەئازادی تیایدا دێن ودەچن، جیهانێك تا ڕۆژی قیامەت بە هەموو قەقنەسەکانی ئەم سەر زەمینەوە پەیوەستن.

بەڵام ئەو جیهانە، ئەو بەهەشتە نییە کـە خـودا مـەحکومی کـردووە بەلەزەت، ئەو ژیانە نییە کە مرۆڤ لە زەوییەکی نەفرەت لێکـراوەوە پێـی دەگات و هەرگیزاوهەرگیز ناگەڕێتـەوە بـۆی. جیهانێکـە، ئـەو تەتەرانـە دەیدۆزنەوە کە لە سەفەربەلەکا تـا ڕۆژی قیامـەت دێنودەچـن. هـەروەك سیزیف یاخی و بێئارامن. لە جیاتی بەرد جوانیەکانیان لـە کۆڵایـە، لـە شوێنی بێهوودەیی سروشـتە خوداییـەکانیان لـە دڵدایـەو لـە جێـی ئـەو تەنیاییەش، پاسەوانەکانی جوانیان لەگەڵدایە.

بەدرێـژایی ئـەو ڕۆمانـەی کـە بەسـەر کارەسـاتەکانی مێژوویـەکی خوێناویدا گوزەردەکات، (مردن) جگـە لـە مردنێکـی جەسـتەیی زیـاتر هیچی دیکە نییە، جگە لە تەواوکردنی خولێکی بوون زیاتر هیچی دیکـە

نییــە. بەردەوامیــەکی جــوانتر لــەودیو مردنــەوە دەدروەشــێتەوە کــە پاسەوانەکانی جوانی ڕامدەکات، وەك قاسیدێك پەیامەکان بەناو ئاپۆرەی خەڵکی شاردا دێنێ و دەبات.

مردن هەناسەیەکە بەر لە ژیان، تێپەڕینێکە بۆ بەردەوامی، بازدانە بۆ دیــوێکی تــری بــوون. بوونێــك لــە کرۆکــی جوانیــا نهێنیــەکی خــودایی دەبەخشێ کە ناهێڵێ مردن بە ئاقاریدا بچێ. شاری مۆسیقارە سـپییەکان ئەو دەقە ئەدەبیەیــە لــە تاریکیــدا بریــسکەکانی ڕوونــاکی بەدیــدەکات. باخەوانی ئەو باخچەی گوڵەیە کە سەرزەمینێکی دیکە بۆنی دەکات.

خولْقاندنی جیهانی دووەم لە ئەفسانە کۆنەکان و کتێبە ئاسمانیــەکان و شاکارە مەزنەکاندا، یۆتۆبیایەکی خەونئامێزی دێرینی مرۆڤ بــووە، بــەڵام هزری فەلسەفی بەختیار عەلی لە شاری مۆسـیقارە سـپییەکاندا گــەلێك ناوازە و جیاوازە. داهێنانێکی نوێیە لە خولْقاندنی جیهانێکدا کــە قاچــی بە ناخی زەویدا ڕۆچووە. لە نێوانیاندا دابڕان نییەو بازدانە، خۆشاوی ئــەو نەمریەیە بەر لە مردن دەینۆشــی، دەســتپێکی ئــەو گەشــتەیە لــە دوای مردنیشەوە بەردەوامە. شۆڕشێکە لەناو ڕۆحدا بەرپادەبێ و لەســەر زەوی دۆزەخی دادگا بۆ جەســتەی تاوانبــاران هەڵدەگیرســێنێ. مــرۆڤ لــەو دوو جیهانەدا، قاچێکیان لەوێ و قاچەکەی تریان لێرەیە، بێباکانە لە مێژووی دوورونزیکدا بەسەر پشتی زەمەنێکی تێکشکاوا بەڕێوەیە.

ئـــالێرەوە نووســـەر ئـــەو پەیامـــە ئاشـــکرادەکات، ســـەرلە جەســـتە جیانابێتەوە، مەل چەند لە قووڵایی ئاسماندا ون ببێ، لەناو لانـەی خۆیـدا دەنیشێتەوە. نەبووە ڕۆحێك وەك مەل لە شەقەی باڵبـدات و هـەرگیز بـۆ زەوی نەگەڕێتـەوە، مـەلی ڕۆحـە قەقنەسـیەکان سـیفاتەکانی سروشـتی هەڵگرتووە، زستان کە دەڕوات دوای سێ وەرزدێتەوە، ئاوی چەم کـە تیـژ سەرەوخوار تێدەپەڕێ، بەسەر پشتی هـەوری دەریاکانـەوە هـێمن هـێمن بەرەو ژووردێتەوە. هەرگیز تۆوی ئەو گوڵە نامرێ کە با ڕەنگ وبۆنی بـۆ ئەو دیوی نیگاکانمان بردووە. نووسەر پێماندەڵێ: شتێك نییە لەم بوونـەدا بڕواو نەگەڕێتـەوە، بـۆ دواجـار شـوێن پێـی لـەم گەردوونـە بـسڕێتەوە. پێماندەڵێ: دەبێ نیگای ئەو ڕۆحە ڕامکـەین چـاوانی مـستەفای شـەونم مەلە سپییەکانی سەرسەری جەلادەتی کۆتری پێدەبینێ.. گوێی جەلادەت ئاوازی فلووتەکەی شاروخی پێدەبیستێ.. تارمایی ئەو عەشقەی دالیا سیراجەدین باسمی جەزائیری بۆ دەهێنێ.

ئەوانە یاقووتێکن لە قووڵایی پاکبوونەوەدا دیلن، پاکبوونـەوەی ئـەو ڕۆحە پیسەی بابلی دەکاتە کۆیلەی چۆلەکەیەکی پەڕوباڵ شکاو، موسـای بابەك دەکاتە پاسەوانی تابلۆیەکی بێناو، عەلی شەرەفیار دەکاتە بەندەی چیرۆکێکی تەواونەکراو.

شاری مۆسیقارە سپییەکان تەریقەتێکە بۆ گەیشتن بە ئاوەدانییـەکانی

جوانبینی. پاسەوانەکانی ئەو شارە بەدرێژایی(٦٢٥) لاپەڕە ئەو گوڵە ئاو دەدەن کە بەختیار ناوی لێناوە جوانی، دەیانەوێت چاوەکانمان فێری ڕامانێك بکەن، باڵەفڕەی باڵندە سپییەکان ببنینەوە، نۆتەی ئاوازە خوداییەکانی ناو با بناسنەوە، بڕوامان بەو گەشتە هەبێ لە نێوان ئێمەو شارێکی نەمردا هەتاهەتایە تەواونابێ.

ئەو شارەی جێنشینی باڵندە یاخیەکانە، ڕۆحە قەقنەسیەکانە، جوانیە ڕەهاکانەو ناهێڵێ ڕۆژێ لە ڕۆژان، دێبوکە دەستەمۆکان، ترسنۆکە کڕنووشبەرەکان پێیان بەر خاکی ئەو نیشتمانە بکەوێت.

--- ---

## ـ ئاوازێك لە قوولایی هەژانێكی بەردەوامدا دەبیسترێ

(دەق) بەرهەمی كارێكە نەخشە بۆ هەڵچنینی بابەتێك دەكێشێ، ئەو بابەتەش لە هەر شوێنێكەوە سەرچاوەی گرتبێ، ڕەگ لەناو چیرۆك و ڕووداودا دادەكوتێ. كەواتە دەق پانتایی بەرهەمێكە بۆ بەرهەمهێنان. گومان لەوەشدا نییە هەر بەرهەمێكی ئەدەبی یان هونەری لەسەر پانتاییەكانی(دەق) دەسنیشاندەكرێ و بەپێچەوانەیشەوە، بەبێ بوونی دەق چەمكی ڕاستەقینەی هەموو لقەكانی ئەدەب و هونەر دادەپۆشرێ.

(دەق) یەكەمین بنەما و پێكهاتەی ئەو كردە هونەریەیە كە شانۆ، سینەما، درامای تەلەفزیۆنی، موزیك، گۆرانی، شێوەكاری... دەكاتە بەرهەمێكی هونەری تەواو.

گاستۆن باتی دەڵێ:"دەوری ڕاستی دەق لە هونەردا هەروەك وشەیە لە ژیاندا".

هونەر لەناو دەقدا جوانیەكان دەڕوێنێ و خەڵكیش لەناو جوانیەكاندا بەدوای دەقدا دەگەڕێ.

ئاشكرایە گەورەترین ئاستەنگ لە هونەری كوردیدا، نەبوون یاخود لاوازی دەقە. ئەوەش میراتی ئەو پاشە گەردانیەی جێهێشتووە كە هونەر

له بۆشایی هونەر خۆیدا بخولێتەوەو قاچ لەسەر ئەو زەوییە ڕانەگرێ، کۆشکەکانی ئەو دامەزراندنە ڕەسەن و هاوچەرخەی لەسەر بونیادبنرێ.

چونکە جیاوازی نێوان دەقی بەهێز و لاواز هەروەك زەوی بەپیت و زەوی بەیار وایە. جوتیار لە زەوییەکی وشکەلاندا ڕەنجی بەربادە و باخەوانیش  لە باخچەیەکی پاراودا گوڵەکانی هەمیشە شەکاوەیە.

ئاسەواری ئاستەنگی دەق لە بزاڤی هونەری کوردیدا زۆر بەئاشکرا بەسەر بەرهەمی هونەرمەندانی کوردەوە دیارە. بای بێهوودەیی جوانیەکانیان لە فەزای ئەودیو دەقەوە یاری پێدەکات، جووڵانەوەیەك تا ئەمڕۆش گومان لە ڕەسەنایەتی دەکات.

دەبێت هەموومان لەوەدا کۆك بین کە لە پشت موزیکی سیمفۆنیا جیهانیەکانەوە شاکارێکی دەق هەیە، لەناو تابلۆ زیندووەکاندا سەر گوزەشتەی دەقێك، ڕەنگەکان دابەش دەکات، لەودیو پەردەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی سینەماوە، سیناریۆی دەقێك کامێراکان دێنێ و دەبات، بەڵام دەقێك بەناو ئەندێشەی خەیاڵێکی هەستەوەردا ڕاگوزەربێ، کۆنترۆڵی چاوێکی هونەرمەندانە بێت.

هونەرمەندانی کورد زەلیلی ئەو دەقە ئەدەبیانەن، کۆپی گێڕانەوەی مێژوویەکی نووسراو جوانەمەرگی کردووە. زیندووکردنەوەی کەلەپوورێکی مردوو، ڕەنگی هیچ جوانیەکی تیا نەهێشتووە. هەموو خەیاڵ و

کارکردنێکی هونەری، لە ناو دروشم و خیتابی فیکریـدا زینـدانیکردووە. هەربۆیە زۆرینەی ئەو بەرهەمانە، دەقێکە بۆ چاپکردن نەك بۆ کارکردن.

گومان ناکرێ لەناو ئەدەبی کوردیدا کەمینەیەکیش لەو دەقانە هەیـە لە بەرهەمی هونەرمەندانی کـوردا دەدرەوشـێتەوە، لەوانـە گەلـەگورگ، کوێر ئۆغلێ، خەج و سیامەند، شار، تەنەکە، حەمەدۆك، قـەڵای دمـدم، ژانی گەل... بەڵام ئەم ژمارەیە لەو ئاستەدا نییە کە بونیادی هونـەرێکی ڕەسەن و هاوچەرخ بکات.

لێرەوە دەمەوێ باس لە بونیادی بەهێزی دەق بکەم، نەك بەتـەنها لـە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا بـەڵکو لـەو پـڕۆژە گەورەیـەدا کـە بەختیار عەلی وەك نووسەرێکی تاقانە دەیـەوێت بونیـادی بنێـت، بۆیـە دەڵێم تاقانە، چونکە بەردەوامیەك هەیە کە هەوڵەکانی کردووەتە پـڕۆژە، پڕۆژەیەکی وەك خۆی ناوازە و تاقانە.

ڕۆمانـەکانی مـەرگی تاقانـەی دووەم، ئێـوارەی پەروانـە، دواهـەمین هەناری دونیا، شاری مۆسیقارە سپییەکان.. چوار سیناریۆی ئامادەکراوی فیلمی سـینەمایی پـڕ لـە فـەنتازی و مـۆرکی نەتـەوەیی کوردییـە کـە ئامادەیە لە ڕیزبەندی هەرە پێشەوەی فیلمی سینەمایی جیهانیـدا بێـت. چوار سیمفۆنیای پڕ لە نەغمەو ئاوازی جوانی نیشتمانییە، دەیـان کورتـە درامای ئامادەکراوی تەلەفزیۆنییە، سـەدان پەیکـەر و تـابلۆ و هونـەری

دیکەی شێوەکارییە. ئەم چوار ڕۆمانە، چوار دەقە کە مـژدەی کـارابوونی پرۆژەیەك دەنەخشێنیٚ کە لە توانایدایە هونەرێکی ڕەسەن و هاوچەرخ لـە دروشمەوە بکاتە واقیع.

ڕووداوە مێژووییەکان، کەلتور، ئایین، دابونەریت، ئەفسانە، داسـتان، جوگرافیا... لەناو جوانترین تەلیسمەکانی خەیاڵدا دەژین، بەناو قووڵترین ئاسۆی بینیندا دەفڕن. لە گۆشەی هونەریی پڕ واتـاوە وەرگـێراون، بـەناو تەونی زۆر ئاڵۆزی ڕووداودا تێپەڕیون. کاراکتـەرەکانی بـەدیار جـوانترین نواندنی ئەکتەرەوە ڕاوەستاون، دەیان تابلۆی پـڕ لـە هزروجـوانی بـەپێش چـاوانمانا گـوزەردەبن، دەیـان ڕیتمـی موزیـك لـەناو گـەردەلولی ئـەو فەرهەنگەدا دێن و دەچن.

شیکردنەوەی وردەکاریەکانی ئەو پڕۆژەیـەی بـەختیار عـەلی دەسـتی پێکـردووە، دەزگایـەکی لێکۆڵینـەوەی تایبـەتی دەویٚ، تیـپ و گـرۆی تایبەتمەند و زانستی دەویٚ تـاوەکو نهێنیـە وێنـەدارەکانی ئـەو پڕۆژەیـە بەدیاربخـەن. هەربۆیـە ئـەو شـیکارە گـشتگیرە نـەکاری منـەو نـە لـە چوارچێوەی ئەم باسەشدا قەتیس دەکریٚ.

کاری ئێمە لێرەدا تەنها ئێستێکە بەدیار ئەو نیگا هونەریەوە کەشاری مۆسـقارە سـپییەکان وەك دەقێکـی ئـەدەبی، تایبەتمەندییـەکانی سـیناریۆیەکی سـینەمایی هـەڵگرتووە. لـە نێوەنـدی دەقـدا ڕۆنـانێکی

دراماییی ڕووداوەکانی لەباوەشگرتووە، کاراکتەرەکان بەرگی کاراکتەرێکی ئالۆزیـــان لەبـــەرکردووە، ئاخاوتنـــەکان دیالۆگـــەو ململانێکـــان بەســـەر پەیژەیـــەکی دراماتیکیـــدا ســـەرکەوتووە. وێنـــە لاپـــەڕەکانی مێـــژوو هەڵدەداتەوە، لەبەرەوپێشچوونی ڕووداودا چـاوانمان چیرۆك دەگێڕێتـەوە. واتە دەقێکە بۆ بینین نەك بۆ خوێندنەوە.

دەق پێگەی ئەو هەنگاوەیە چیرۆکە خەمناکەکان دەخاتە ناو کامێرای سینەماکارێکی زیرەکەوە. ئەو وێنـە سـینەماییەی منـاڵێکی غـەمگین، مەرگی دایك بە ئاوازی فلووتێـك دەگێڕێتـەوە، لـە نـاو کوچـەو کۆڵانـە ئاپۆڕەکاندا لە تەنیایدا دەخولێتەوە.

وێنەی فەنتازیای بارینی ئەو لمە داخکراوەی(...١٨٢) هەزار مرۆڤـی کـورد دەشـارێتەوە، ڕۆچـوونی کـامێرا بـۆ قـووڵایی ئـەو بـیرەی دالیـا سـیراجەدین تیایـدا دەکرۆزێتـەوە. چـاوگێڕان بـەناو ئـەو ئۆقیانوسـەی پێـشانگای هونەرمەنـدە شـێوەکارەکانی کـوردی تیـا شـاردراوەتەوە. ڕووخساری پاکژی ئەو گێلاسەی، ناوی هەموو باڵەخانـە زلـەکانی دونیـا دەسڕێتەوە.

گەشتێك لەناو سووتانی شاخ و باخی نیشتماندا، بەناو ڕۆحـی پیـسی گاردەکانی مێژوودا. شکاندنی دەرگای ئاسنینی ژێر زەمینە تاریکـەکان، دەستاودەستکردنی زیندانە مۆدرێنەکان. دیمـەنی ئـەو دادگایـەی زۆر لـە

دادگای حەتوتە میسرییەی یوسف شاهینی سینەماکاری گەورەی عەرەب بەهێزترە، فڕینی ئەو ئۆردوگایەی زۆر لە کەوتنە خوارەوەی چاویلکەکەی عومەر موختار پڕ لە هێماترە، گەر لە قووڵایی هونەرێکی هەستیاردا وێنە بگیرێ. نواندنی کاراکتەری دالیا زۆر لە ئۆڤیلیای ولیەم شکسپیر ئاڵۆزترە، ئەگەر خانمە ئەکتەرێکی کورد پەی بەنهێنیەکانی بەرێ.

شاری مۆسیقارە سپییەکان چیرۆکی پیرەمێردی ئەو زەریایەی هەمەنگوای نییە، بەدوای کلکی نەهەنگێکەوە بڕواو تەواو.

کەشتیە ئاسنینەکەی تایتانیك نییە، لەناو دەریایەکی گەورەدا گیری خواردبێ و ڕۆبچێ.. شاری مۆسیقارە سپییەکان وێنەی کورتکراوەی مێژوویەکی بینراوە. ئەو مێژووەی لەچاوی تیژوخێرای کامێرادا، پیرەمێرد لە دوورەوە وەك کۆمبارسێك دەردەکەوێ... مەرگەساتی نوقمبوونی کەشتیە گرانەکەی تایتانیك وەك ئێکسسوارێك لەپشت ڕووداوەکانەوە دەبینرێ، بەگشتی سەرتاپای ئەو دەقە گەورەترین شاکاری سینەمایی لەسەر چاکدەکرێ.

هەڵەیەکی گەورەیە سینەما بەدیار تەکنەلۆژیایەکی پیشەسازییەوە زنجیربکەین، دوور لە تەلیسمی ئەو خورپەی هاواری سینەما لەناو بەردەڵانی تەکنەلۆژیادا ئازاد دەکات.

لەدوای گاڵتەجاڕی شەڕی ناوخۆوە، سینەماکارانی کورد گاڵتەجارێکی تریان لە تالانکردنی سامانی ئەو میللەتەدا بەرپاکرد. بەناوی تەکنەلۆژیای فیلمسازی سینەمای کوردییەوە لە جیاتی ئاوی خواردنەوە، کامێرای دەیان هەزار پاوەنیان لە کوردستان هێناو دیل کرد. لەبری ڕووناکی کارەبا دەزگای کۆمپانیا سینەماییەکانی هۆلیۆدیان لە نووسینگە ڕازاوەکانیاندا زیندان کرد.

دەبێ ئەوە بزانین تەکنەلۆژیا بێ لە تەلیسمی ئەو خورپەی داهێنانە، تابووتێکە بۆنی مەرگی گرتووە. هونەر دوور لەو ڕۆحە جاویدانیە، ژەهرێکی کوشندەیە بەناو گەرووی جوانیەکاندا چووە.

گومان لەوەدا نییە، ئەرکی کەرەسە تەکنەلۆژییەکان لە بەرجەستە کردنێکی ڕووت بۆ ڕاوکردنی تەلیسمەکانی داهێنان زیاتر هیچی دیکە نییە، جگە لە پردێکی مردوو بۆ پەڕینەوەی جوانیەکانی ڕۆحی هونەرمەند زیاتر هیچ کارێکی تری نییە.

کەواتە نەبوونی ڕووناکیە گەشەکانی دەق کە لەشکری قەقنەسەکانی هونەر بە تەکنەلۆژیاشەوە بۆی دەسوتێ، ڕانەگەیشتنە بەو هونەرە بالایەی ڕەسەنایەتیەکی هاوچەرخی لەسەر بونیاد دەنرێ.

گرفتی ئەو کەلتوورە دەوڵەمەندە بەدبەختەمان، ئەو مێژووە سەرکەش و پڕ لە هەڵچوون و داچوونەمان ئەوەیە نەکراوەتە دەق. نەمانتوانیوە لە

دووبارەکردنەوەی ئەو کەلتوورە و لە گێڕانەوەی ئەو مێژووە زیاتر کارێکی دیکە بکەین، ئەوەش بێدەنگ بوونە بەدیار گۆڕی ڕابردووەوە.

دەق شاکاری شاعیرانی گریکە لەسەر داستانی ئەلیادە و ئۆدیسە، دەق شانۆنامەی سیزەری شکسپیرە، تابلۆی جۆرنیکای بیکاسۆیە، ڕۆمانی براکوژی کازانزاکیە، هەردوو چامە شیعریە بەرزەکەی سالم و نالییە.

دەق بەرجەستەکردنی ئەو کارەیە ڕابردوو دەکاتە ئێستاو داهاتوو، ئەو سەکۆ ئازادەیە هونەرمەندان سەمای داهێنانی لەسەردەکەن.. ئەو ئاسۆ فراوانەیە کە شاری مۆسیقارە سپییەکان لەناو هەڵدانەوەی ئەو مێژووەدا دەیبەخشێ.

دەکرێ شانۆکارێك لەسەر شانۆ هەروەك ئۆدێب فرمێسکی خوێنین بۆ مەرگی جەلادەت بڕێژێ، دەکرێ کامێرایەك وێنەی بەسامترین سەمای مەرگی ئەنفالەکان بگرێ.

موزیك ژەنێك شەکانەوەی ئەو کاغەزانەی لە ئاسمانا دێن و دەچن، ئەو عەشقە سەرکێشەی دالیا بژەنێ. شێوەکارێك تابلۆی ئەو ئۆردوگایە بکێشێ کە بە ئاسمانا دەفڕێ و ون دەبێ، پەیکەرتاشێك پەیکەری ئەو پیاوە سپی پۆشە دابتاشێ، غەمگینترین نەی لە باخچەیەکی شارا دەژەنێ. ئەم شارە، شارێکی ئاوەدانە بۆ کارکردن، هەڵدانەوەی مێژوویەکە بۆ سەیرکردن.

شاری مۆسیقاره سپییەکان گوڕی بەهێزترین بەدواداچوونی هەیە بە شوێن چیرۆکەوە، ئەو چیرۆکەی سەرتاپای نوقمی ڕووداوە، ڕووداوی پڕ لە کردار و پڕ لە ئەنجامی چاوەڕواننەکراو. کاراکتەر بەناو ڕازاوەترین گوڵزاری وەسفا گوزەردەبێ، دیالۆگ بەناو باگراوندی بەسۆزترین موزیکا تێپەڕدەبێ. دیمەن لەو گۆشانەوە دەردەکەون ئارەزووی بینین دەیخوازێ، دەق بەناو خەیاڵێکدا دەگوزەرێ واقیع بۆخۆی پێی دەنازێ. حەزی بینین، حەزی ئاشکرابوون و بەدواداچوون، حەزی دووبارە کردنەوەی ئەو ڕابردووەی لە مێژوویەکی بەر لە ئێستادا بەسەرچوون. جیهانێك لە زانیاری فێربوون، داستانێك بۆ بەردەوامی و تەواونەبوون.

ڕۆمانی شارێکە ناسنامەی وڵاتێکی هەڵگرتووە، وڵاتێك لەناو مێژوویەکی ئاگرینا داخکراوە. ئەنفال و ژەهر و دیکتاتۆر و شۆڕش و حیزب و هەڵاتن و ڕاگوێزان و خیانەت دەوریداوە. کەسێك یاداشتیان دەکات تاڵاوی هەموویانی نۆشیوە، پەیامی مەرگ لە مەیدانەکانی جەنگی هیچا، بۆنی دەمی دیکتاتۆر لە زیندانی ئاسنینا، هەڵگیرسان و کوژانەوەی شۆڕش لەناو قوربانی و نائومێدیا، هەڵاتن لە شاڵاوی ئەنفال، ڕزگاربوون لە هەناسەی با ژەهراویەکان.

لیستی ڕەنگکردنی حیزبەکان، عەزابی خیانەتی شەڕی براکان، دەرکردنی باڵندە یاخیەکان.. یاداشتێکە چۆلەکەیەکی تەزیو دوورلە

هێلانــە کۆنووســی دەکــات، گەشــتێکە وڵات بــۆڵای پەناهەنــدە ســەفەر دەکات، سوراحی سەر بۆ پیاڵە نەوی دەکات.

شارێکە لەناو خەیاڵدا خۆی دەنوێنێ، کەسایەتیەکان بە زمانی هەست دەدوێنێ، دوور لە خوێندنەوەی وشکی مێژوو، لە ئاوڕدانەوەی ڕاوەستاوی ڕابردوو. شارێکە وێنــەکانی بەســەر شاشــەی ســینەمایەکەوە دەجــووڵێ، ئاوازێکە لە قووڵایی هەژانێکی بەردەوامدا دەبیسترێ. چەند جوانە وێنەی ئەو کاغەزەی با بۆ جەلادەتی دێنێ؟ چەند شیرینە ئەو دادگایەی تاوانبــار بەپێی خۆی بۆ مەرگ دێنێ؟ کێ لەبــەر ڕێژنــەی گوللــەی مــەرگا، حــەز بەڕامکردنی ئەسپێکی فریادڕەس ناکات؟ کــێ حــەز بــە بینینــی فڕینــی ئۆردوگــای نەگبــەتی و یەکگرتنــەوەی عاشــقەکان و گوللــەی تۆڵــەی بێگوناهەکان ناکات؟

دیمەنەکان لە قــووڵایی ئــارەزووی بینینــەوە هــاتوون، لــەناو کــرداری کەسایەتیەکاندا ڕووداوەکان خولقاون.

دراما واتە گێڕانــەوەی کــردار، بــەو واتایــەی چیرۆك بــەناو کــرداری بەردەوامی ڕووداوەکاندا دەکشێ.. ئەمەش سیفەتێکی جوداکەرەوەیە لــە نێوان دەقێکی درامی و دەقێکی ئەدەبیدا، بەڵام لە دوای خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە وەك دەقێکی ئەدەبی ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی هەیە کە خۆی لــەو

بازنه ئەدەبیە ترازاندووەو سیفاتەکانی دەقێکی درامی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.

لە جیاتی چیرۆکێکی درێژ کۆمەڵە ڕووداوێك لە دوای خۆی بەجێبێڵێ. هەروەك چۆن لە پاش هاتنە دەرەوەمان لە هۆڵێکی سینەما یان شانۆ، حاڵەتە دراميیەکان و چێژی بینین چاوانمانی تێرکردووە... یان لە دوای گوێگرتن لە پارچەیەك موزیك، هەژانێك ناوناخمانی بڕیوە.. یاخود پاش ڕامان لە تابلۆیەکی هونەری، ڕەنگەکانی لەناو خەیاڵماندا جێهێشتووە. ئاوهاش ئەم ڕۆمانە گەشتێکە بەناو کرداری کۆمەڵە ڕووداوێکدا کە ڕوخساری چیرۆکی داپۆشیوە، ڕۆح بەدیار ڕووداو و حاڵەتە درامیەکانەوە هەڵنیشتووە.

ئەگەر دەق توانی چاو بەدوای کرداردا بگێڕێ، ئەوە دەقێکی بەرجەستەیە بۆ بەرهەمهێنان، بۆ مۆنتاژ کردنەوەی وێنە گیراوەکان. ئەو وێنانەی زمانی دەقێکی ئەدەبی وەردەگێڕنە سەر کردەیەکی پڕ لە هونەری داهێنان.

چونکە وێنە توخمی گیراوەی بینینەو بینینیش یەکەی بنەڕەتی هونەرە کە جوانیەکان لە ناویدا خۆیان پەخش دەکەن.

هەربۆیە دەقی بەرهەمهێنان ئەو دەقە وێنەییەیە کە پێگەیەکی خۆشنوودە بەکردارە پڕ لە جووڵەو بینراوەکان.

ئەگەر بەو چاوە وێنەییەوە لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیای کاك بەختیار عەلی بڕوانین: دوو چیرۆك وەك دەموچاوی دوومـاری کـوبرا لـە یەکەم سەرەتاوە تا ناوەڕاستی ڕۆمانەکە، دوور لەیەك بە دوو نمایشی جودا خۆیان بەدیار دەخەنە.

لـە دوای ناوەڕاسـتەوە ڕووداوە دووفاقیـەکان، کەسـایەتییە دوو لایەنەکان، وێنە لە یەکـچووەکان لـە یـەکتریان نزیکدەکاتـەوە، تێکـەڵی یەکدی دەبن، وەك دوو ماری عاشقەو ماشقە لێکتر دەئاڵێن و بەدواهەمین کۆتایی ڕۆمانەکەدا ئاودیودەبن.

شاری مۆسیقارە سپییەکان، یەك کاراکتەر لە بەدیارکەوتنی سەرەتادا دیمەنی پیاوێکی ئاساییە، لە ناوەڕاستدا گەڕانەوەی تـەرمی سـەربازێکە، لـە کۆتاییـدا تارمـایی نەیـژەنێکی غەمگینـە. ئینـسێرتی تابلۆیـەکی بێناونیشان، پاش تاوێك کامێرا ڕوخساری ئەو ناونیشانە زۆر لە نزیکەوە وێنـەدەگرێ، پاشـان لـە دووری دوورەوە هـەر ئـەو تابلۆیـە بـە ناونیشانەکەیەوە لە وێنەی دیزۆڵڤی کامێرادا دەبینرێ.

وێنەی فلووتێك پیاوێکی کەنەفتی کەمدوو لە ژێر دارێکـا دەیـژەنێ، هەر ئەو فلووتە بەلێوی منالێکی سەرکێشەوە لە کۆڵانە تاریکەکانی شارا دەبینرێ، پاشان نەقیبێکی خوێنڕێژ لـە گیرفـانی خوێنـاوی قوربانیـەکی

ئەنفالا دەریدەهێنێ، پاشانیش هەر ئەو فلووتـە جـەلادەت بـە تارمـایی شاروخ دەناسێنێ.

وێنەی ڕازاوەی فڕۆکەخانەی سخێپهۆلّ و نیشاندانی سـووتانی شـاخ و ڕاپێچی کاروانی قوربانیەکان بۆ ژێر لمـی دۆزەخ و تـەپوتۆزی میوانخانـەی ڕێبـوارانی سـۆزانیەکان... وێنـەگرتنی دەموچـاوە تۆقیوەکـان و ڕەوتـی هاتوچۆی تارماییەکان، زەماوەندی یەکگەیشتنی سەردەمەکان...

بەگـشتی دەقـی بـازدانی وێنەکانـە، هەڵـچوونی ڕووداوەکانـە، پاشکۆخستنی خوێندنەوەی چیرۆکەکانە.

دروست دەتوانین بڵێین: گرێی ئاڵۆزکردنی چیرۆك کـە تەنگوچـەڵەمەی درامـایی(الأزمـة الدرامیـة) پێکـدەهێنێ گرێـی وێنەییـە، ئـەو وێنـە لەتکراوەی بەناو زەمەنی ڕۆمانەکەدا دابەش بووە. واتە گرێی هۆنینەوەی درامایی گرێیەکی وێنەدارە. لەگەڵ یەکگرتنەوەی ئەو وێنانەشـدا ڕۆنـانی درامایی دەگاتە لوتکەی چارەسەر. ئەمەش خوێنەر بـە دوای ئـەو وێنـە لەتکراوانەدا وێڵدەکات کە لە ناو دەقێکی ئەدەبییدا دەدرەوشێتەوە.

کەواتە بەدواداچوونی خوێنەر لەناو دەقی ڕۆمانەکەدا، بەدواداچـوونی وێنەکانە بۆ بینینەوەی ئەو وێنانەی، کارەساتی ڕووداوەکان پارچەپارچەی کردوون. ئەم ئالوودە بوونەی بینین بەدوای وێنە لە تکراوەکانەوە، تەماسی ئەو توخمە بنەڕەتیـەی دەقەکـە شـانۆی لەسـەر نمـایش دەکرێـت، چـاوی

کامێرای سینەما بەدوایدا دەگەڕێت، بینەر بەدیار یەکەی بینینەوە ڕادەمێنێ..

ئەگەر تەماشا بکەین لە دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، پەرتبوونی حکایەتێکی درێژ لەناو ڕووداودا دەبینی، واتە حکایەت لە مۆنتاژی کۆمەڵە ڕووداوێکەوە خۆی دەنوێنێ، ئەو ڕووداوانەش کۆمەڵە وێنەیەك پێکەوە دەیانبەستێتەوە. لەگەڵ بەیەکگەیشتنی پارچە وێنەکاندا ڕووداو دەگاتە پلەی کۆتایی.

ئەگەر بمانەوێت ڕوونتر قسەبکەین: وێنەیەکی لەتکراو(گرێ) دەخولقێنێ و دەرکەوتنی پارچە وێنەکە خاڵی(بلندڕۆ)یەو بەیەکگەیشتنەوەی پارچەکان لە یەك وێنەی تەواودا دەگاتە خاڵی(چارەسەر و کۆتایی).

بۆنموونە: دەرکەوتنی شاروخ مەهدی شاروخ لە فرۆکەخانەی سخێپهۆڵ گرێکەیە، دۆزینەوەی شاروخ بە کوژراوی لە ناو جەنگی بیاباندا خاڵی بلندڕۆیە، دەرکەوتنەوەی شاروخ لە باخچەیەکدا و گەشتە دوو قۆلیەکەی لەگەڵ جەلادەت بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان چارەسەر و کۆتایی ڕووداوەکەیە.

نموونەیەکی دی: تابلۆکەو سپییە بێناونیشانەکەی موسای بابەك گرێکەیە، دەرکەوتنی مستەفای شەونمی تابلۆکێش خاڵی بلندڕۆیەو

دۆزینەوەی تابلۆکەو ئاشکرابوونی حەقیقەتەکەی لە ئۆقیانوسی هاواردا خاڵی چارەسەرو کۆتاییە، ئیتر هەر ئاوها چیرۆکێکی پەرتکراو لە ناوەندی ڕووداوە جۆراو جۆرەکاندا یەك دەق پێکدەهێنێ کە یەك بابەت و یەك ناونیشانی هەڵگرتووە.

ئەوەی جێگای سەرنجڕاکێشانە هەموو بەرزبوونەوەی ئەو پەیژە دراماتیکیەی ڕووداو پێشدەخەن، لە ناو وێنەدا دەردەکەون و بەسەر وێنەکانیشدا بازدەدەن. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی، ئەم دەقە پێگەی پتەوی هونەرمەندانە بۆ بەرهەمهێنان، بەرهەمی هونەرێکی باڵا لە شانۆ و سینەما و موزیك و تابلۆ و تێکڕای بوارەکان..

نابێ ئەوەش لەیادبکەین تامەزرۆیی(التشویق) وەك هێڵێکی ناسك لە کۆمیدیاو گاڵتەوگەپ و سازکردنی هەندێك حاڵەت و ڕووداوی لاوەکی و سادە، چێژێکی جوانی بەخشیوەتە ڕۆمانەکە و بووەتە وێستگەیەکی حەوانەوە بۆ خوێندنەوەی دەقەکە.

ئەگەر شاری مۆسیقارە سپییەکان بەتایبەتی و ئەو پڕۆژە گەورەیەی بەختیار عەلی بەگشتی لە ڕۆمان و شیعردا ئامادەی کردووە، لە نێوەندی گرۆ جیاجیاکانی هونەردا شیکاری زانستی و هونەری لەسەر بکرێ، دڵنیام زۆر تەلیسمی پڕ لە هەژان و بەهرەی جوانتری تیادەردەکەوێ، نیگای هونەرمەندانەی زۆر بەرهەمی ناوازە دەنوێنێ.

ئەم پرۆژەیە کەنارێکی ئارامگیر و ئاسوودەیە بۆ گەیشتن بە دوورگـەی ئەو شاکارە هونەریانەی لە خەونی هونەرمەندە کارامەکاندا دەخولێتـەوە، ئەو شاکارە هونەریانەی، ڕەگی لە قـووڵایی ڕەسـەنایەتیماندا داکوتـاوە، لەناو لاپەڕە تۆزاوییەکانی مێژووی خۆماندا وەستاوە، بازدانێکە بەڕەوتی بڕینـی ئـەو جیهانـەی، سـنوورە وەهمیـەکانی بەچـواردەوری نیـشتماندا کێشاوە.

دەقەکانی ئەم پرۆژەیە دەستێکی میهرەبانە بـۆ ڕزگـارکردنی نیگـای هونەرمەندان لە چنگ زوڵمەتی ئەم سـەردەمە. هـەروەك نووسـەر خـۆی دەڵێ: تاوەکو لە سەردەمێکی تردا، لە جیهانێکی تردا، لە شارێکی تـردا سەدای ئێمە بەرێت بەرەو ئەبەدیەت و دەنگی ئەبەدییەت بهێنێتـەوە بـۆ ئێمە.

--- ---

## ـ یاخیبوون لە سەردەمێکی دەستەمۆ

کاتێك زریان ڕوخساری بێبەزەییانەی دەردەکەوێ تەڕو وشك، جـوان و ناشرین لەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵێ. ئەوکاتە کورتانەی دەکەوێتە بەر شـالآوی ئـەو زریـان و بـاو بـاهۆزە، کـاتی دەرکـەوتنی هـەموو شـتە ڕەسـەن و ئازاکانــە... دواهــەمین نیۆەنــدی بەلاداکــەوتنی خەڵکــە جــوامێر و ترسنۆکەکانە.

ئەوکاتەیە، بوونە لاواز و فشەڵەکان خۆیان دەدەن بەدەم ئەو کاتانەوەو زریان لەگەڵ خۆیدا ڕایاندەماڵێ. جگەلە گـۆڕێکی ون هیـچی دیکـە لـە دوای خۆی جێناهێڵێ. بوونە ڕەسەن و ئازاکانیش کە ڕەگیان بەناو نـاخی زەویدا ڕۆچووە، لە بیرەوەریەکانیاندا زریان جگە لە یاداشتێکی ترسـناکی ڕابردوو هیچی تر نییە.

بەهێزترین و بالآترین هێڵ لەناو ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا، ئەو خۆ بەدەستەوە نەدانەیە کە نووسەر بوێرانە بەدرێژایی دەقەکە داکۆکی لێدەکات.

بـەناو زریـانی گـەورەترین کارەسـاتەکانی مێـژوودا کەسـایەتیەکانی ئاودیوی ڕووداوە تۆقێنەرەکان دەکات. لە کاتێکدا هەموو کەسایەتیەکان

جەستەیەکی پەراوێزکراوی شەکەتن بەدەم تۆفانی ئەو زریانەوە، بەڵام ئازاو چاونەترس، وەك درەختێکی خۆڕسك و پتەو ڕەگیان لەناو ناخی نیشتماندا چەقیوەو گەردەلولی ئەو هەموو ئافاتە، بەهەناسەی یاخیبوونێکی سەرکەش دەژین و تاداخستنی دەفتەری زریان، خۆ بەدەست کارەساتەکانی ئەو ئاخر زەمانەوە نادەن.

کەسایەتیەکان بە هەڵمژینی بەرامەی گەشبینیەك مەستن، خوێنەر لە جوانیەکاندا کەیل دەکات نەك لە نەگبەتیەکان. زریان یاخی کردوون نەك خۆبەدەستەوەدان.

چەند جوانە ڕووباری خوێنی جەنگ و ئەنفال و دیکتاتۆر و زیندان، سەدای ئاوازی فلووتێك بێدەنگ نەکات؟ چەند بەرزە کەسێك لە پێناوی ژیاندا بمرێ و مردن نەتوانێ لە گۆڕێکی داخراوا مەحکومی کات؟

شاروخ دوای کوژرانی بەپێی خۆی بەسەر بیابانەکانی باشوورا دێتەوە، تاوەکو لە کاتێکی زۆر پێویستا مێخی سەرسنگی جەلادەت هەڵگرێتەوە.. موسای بابەك تابلۆکانی بەناو ژێر زەمینەکاندا دەگوێزێتەوە، تا مستەفای شەونمی پێبناسێتەوە.. باسم دۆسیەی مەرگی خۆی هەڵدەگرێتەوە تا دالیا سیراجەدینی پێبدۆزێتەوە... عەلی شەرفیار دوای چوار ساڵیش هەرچاوەڕوانە قەفەسەکەی بگەڕێتەوە. ئەمە نیگای چاوێکە زریان زەفەری پێنابات، ڕۆحێکی ئەبەدیە هیچ سەردەمێك نغرۆی ناکات.

ئەدەبی بێهودەیی وەڵامێکی ترسناکی ڕۆشنبیران بوو، بۆ ژەنینی ئـاوازی ئاسەوارە ماڵوێرانکەرەکەی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم. ئـەدەبی جوامێری و خۆبەدەستەوە نـەدانیش، وەڵامێکـی یاخیانـەی ڕۆشـنبیرانە بـۆ ئاوقابوونەوەی دەنگی تەپڵی ئەو جیهانگیریەی پارەو دەسەڵات و زانست، لە جیهانی بچووککراوەی ئەم سەردەمە کۆیلەدا تاویداوە.

شاری مۆسیقارە سپییەکان لە دەسـتپێکەوە تـا کۆتـایی هەسـتانەوەیە، هەستانەوە لە ژێر زەبری ئـەو ڕۆژگـارەی زریـانێکی تـوورە دەوریـداوە. ئـەو عەشقەی دالیای بۆ ناو بیری مەرگ شۆڕکردۆتەوە، عەشقێکە تـا دۆزینـەوەی عاشقەکەی خۆی بە سوێترین ئاگر لەسەر جەستەی خۆی دەکاتەوە.

موسای بابەك لەدوای زینـدان و لەبـەردەم پـەتی سـێدارە و لەپـشتی سۆزانیەکانەوە، جوانیەکانی ژیان لە ژێر زەمینەکەیدا کۆدەکاتەوە، لـەناو هەڵاتن ئاوارەییدا، هێشتا ڕێگای ئۆقیانوسی هاوار بۆ شـاری مۆسـیقارە سپییەکان دەکاتەوە. جەلادەتی کـۆتر دوای ئـەوەی لـە پێنـاوی دادگـای عـادیلانـەی تاوانـدا لـە خـاچ دەدرێ، یاداشـتی چـیرۆکی بـەردەوامی و خۆبەدەستەوەنەدانی خۆی بۆلای عـەلی شـەرەفیاری نووسـەر دێنێتـەوە. تەنانەت نەقیب سامیری بابلیش بەر لە مەرگ، فلووتێك بـۆ پاکردنـەوەی ڕۆحە پیسەکەی لەگەڵ خۆیدا دەباتە گڵەوە..

بەمجۆرە هەموو کەسایەتیەکانی ناو ئەم دەقە گەورە بێت یان بچووك، پاك

بێت یان پیس لەناو کارەساتی ڕووداوەکاندا نەسرەوت و بەردەوامن. بەردەوامیەك بۆ مانەوەو زاڵبوون، بۆ نۆشینی دواهەمین پێکی ژیان. هەردوو کاراکتەری جەلادەت و بابلی دوو جەمسەری دژ بەیەکن، درێژکراوەی بەهێزترین کێشمەکێشی چیرۆکن، بەلاّم لە گێژەنگی زریاندا ئەم دوو جەمسەرە هاودژە، ئەم دوو ڕوخسارە پاك و پیسە، ئەم دوو بێگوناهو تاوانبارە هەروەك یەك قارەمانن لە ناو دیمەنی ڕووداوەکاندا یاخی و بەردەوامن. جەلادەت لەسەر لێواری گۆڕی بە کۆمەڵی قوربانیەکانی ئەنفالا، فلووت بۆ گاڵتەجاڕی مەرگ دەژەنێ و بابلیش بەر لە دادگای دواهەمین ڕۆژەکانی ژیانی خۆی، زەماوەند لەگەڵ شاناز سەلیم دەکات.

ئەم جوامێری و بەردەوامی و هەستانەوەیە، سیمایەکی زۆر ئەفسووناوی بەخشیوەتە دەقەکە. ئەم ڕووداوانەی لە چیرۆکەوە ئالاّون، ئەو کارەساتە ترسناکانەی لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لەسەر هیچ زەمینێکی ئەم جیهانە نەبینراون، کەچی ئەو کەسایەتیانەی دواچۆڕی ئەو تالاّویانە دەچێژن، ئەو کەسایەتیانەیە لە نێوان ژیان و مردندا پەراوێزکراون.

ڕۆژگاری ئەم سەردەمە بەناو مێژوویەکی زۆر عەنتیکەدا دەڕوا، گوللەی هیچ چەکێك هێندەی بەردەوامی و خۆبەدەستەوەنەدان کاریان تێناکات، گەر ئیمزا و ناوت لە لیستی هەر حیزبێکدابێ، خیانەتکاریش بێت شۆڕشگێڕی،

تێکدەریش بێت هەر دڵسۆزی، بلیمەتترین موزیکژەنی دونیایی، گەر ئەندامی سەندیکاکەی نەبێت، ئەوا گەورەترین دوژمنی هونەری.

هەر بەڕاستی عەنتیکەیە، وڵاتە زلهێزەکان وڵاتە گچکەکان دەستەمۆدەکەن و ئەوانیش حیزبەکان. حیزبەکانیش سەندیکاکان و سەندیکاکانیش تێکڕای خەڵك، هەرکەسەش لای خۆیەوە لەناو خێزانێکدا دایك و ژن و کچ و منداڵەکانی دەستەمۆ دەکات.

کەواتە ئافاتی ئەم دەستەمۆ بوونەیە ئەو هەموو قاتوقڕیەی بەسەر بەهرەو جوانیەکانی ئەم سەردەمەدا هێناوە، ئەو جوانیانەی گۆران گوتەنی: هەروەکو عەکسی قەمەرە لە ڕۆژگارێکی تەڵخ و ڕاوەستاودا.

هەربۆیە بەهێزترین زەنگ بۆ هەژان و بێدارکردنەوەی ئەو ڕۆحە دەستەمۆیانە. ئەو کارەیە جارێکی دی مرۆڤ فێری هەستانەوە دەکات، پێشاندانی ئەو نیگا گەشبینەیە بەسەر ڕووداوەکاندا سەرماندەخات، یاخیبوونە لەو کارەساتانەی لە ملکەچی و خۆبەدەستەوەدان ڕزگارمان دەکات.

ئەو بیرۆکە سەرەکیەیە بەختیار عەلی بۆ ناو شاری مۆسیقارە سپییەکانمان دەبات، بیرۆکەی بەگژاچوونەوەی ئەو جەنگەی ئەم سەردەمە هەڵیگیرساندووە. تەیاربوون بەرامبەر ئەو ئافاتەی هەموومانی لەناو بەدبەختیەدا مەڵاس کردووە. ڕووخساری تووڕەی ئەم ڕۆژگارە ترسێکی

گەورەی لە هەناوماندا ناشتووە، ترسی کەوتن، ترسی ڕیسوابوون و بە هیچا ڕانەگەیشتن. چەرخی ئەم جیهانە دەستەمۆیە بەو ڕۆحە ترساوانە دەگەڕێ، بوونە جاویدانیەکان لەناو زریانی خۆیدا ڕادەماڵێ.

کەواتە ئاستەنگی ئەم گالیسکە دەستەمۆیە، هەستانەوەی مردووەکانە، سزادانی تاوانبارانە، بەیەکگەیشتنەوەی عاشقەکانە، ڕزگاربوونی جوانیەکانە.

هەربۆیە ئەم دەقە شەپۆلی تیژی ئەدەبێکە، وەڵامی پرسیاری ئەم سەردەمە دەستەمۆیەی هێناوە.. مژدەی ڕۆشنبوونەوەی ئەم ڕۆژگارە قەترانیەی هێناوە.. موجیزەی ئەو سەرکەوتنە حەتمیەیە، لەدواچارەنووسی قەقنەسەکاندا نووسراوە... پەیامێکە هەموو هەوڵە جاویدانیەکان، لە مەیدانی جەنگ و شەڕەنگێزیا زاڵ دەکات... کۆتایی هەموو دیمەنی ترسناکەکان، بە بردنەوەی جوانیەکان تەواو دەکات.

--- ---

## -کارکردن له مێژوویەکی پاکیزەدا.

مێژووی ژیانی کورد، تەمەنێکی پڕ له نمایشی درامییه، ڕووداوەکانی لەناو هەڵچوون و داچوونێکی جووڵەداردا دەگەڕێ، گەلێك کەسایەتی ئاڵۆز که سیفاتی کاراکتەری وێنەداری هەڵگرتووه بەناویدا تێدەپەڕێ. زەمینی کوردستان سەکۆی تێپەڕینی شانۆیەکه، بینەرانی هەموو سەرزەمینی جیهان بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ.

سەرهەڵدان و تیاچوونی یەکجارەکی ئایینەکان، سەرکەوتن و تێکشکانی سوپای ئیمپراتۆریەتە مەزنەکان، نووسینەوەی پاکژترین نامەی خۆشەویستی، دۆزینەوەی کۆنترین ئاسەواری شارستانی مرۆڤایەتی، دەرکەوتنی زۆر ناوی درەوشاوەی پڕ له قارەمانیەتی و جوامێری، گلان و ڕیسوابوونی گەلێك دوژمن و ڕوخساری دزێوی پڕ له خیانەتکاری.

هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوونووسانی دانسقەی خۆمان و گەشتیاره بیانیەکان و قەڵەمی لەبەر سك ڕۆیشتووی دوژمنانی کورد، نموونەی دەیان لەوانەی باسمان کرد لەناو ئەو ڕابردووه نوێ و دێرینەیا دەدرەوشێتەوە. ئەوەش ئاماژەیەکی یەك دڵ و باوەڕپێکراوه که نیشتمانی ئێمه،

مەیدانێکی بەهێزی ئەو کاروانە شارستانیەیە کە مێژووی مرۆڤایەتی پیایدا گوزەری کردووە.

دەبێ بڕوامان بەوە هەبێ، بەرز ڕاگرتنی ئەو ڕابردووەو بەدیارخستنی چیرۆك و داستان و حکایەتی کەسایەتیە ناودارەکانی ناو ئەو مێژووە، لەسەفەری پڕ لە داهێنان و نوێکاری دەقە ئەدەبی و هونەرییەکاندا بەرجەستە دەکرێ. وەك چۆن شارستانیەتی کۆنی گریك بەسەر شاکارەکانی هۆمیرۆس و شاعیران و هونەرمەندان و فەیلەسوفەکانیدا پەڕینەوە، وەك چۆن مێژووی ڕۆمان لەناو دەقەکانی هۆراس و سینکاو شکسپیردا دەخوێنینەوە، وەك چۆن گۆگۆل و دیستوڤیسکی و چیخۆف بۆ ناو ژیانی ڕۆژانەی حوکمی قەیسەری ڕووس دەمانگێڕنەوە.

جێگەی داخە مێژووی پڕ لە جوولەی دراماتیکی ئێمە، تا بە ئەمڕۆش لەناو کتێبە داخراوەکانی مێژوودا مۆرکراوە، شارستانیەتی ئیمپراتۆریەت و ئیماراتەکانمان لەناو لاپەڕەی ئەو کتێبە تۆزاویانەدا داخراوە. سمکۆ و شێخ سەعید و شێخی گەورە لەناو تابووتی ئەو مێژووە بەسەرچووەدا ڕاکشاوە.

مەم و زینی خانی و هەردوو چامەکەی نالی و سالم و کوێر ئۆغڵی یەشار کەمال و ڕێگای محەمەد مەولود مەم و شاری حسەین عارف و دەربەندی پەپوولەی شێرکۆ بێکەس و حەساری شێرزاد حەسەن و چەند

نموونەیەکی زۆر کەمی دیکە، چۆن پێڕادەگا؟ تەلیسمی دەسـەڵاتی دەیـان ئیمپراتۆریەت و ئیمارات و دەیـان شـۆڕش و داسـتانە عیـشق و سـەدان خەڵکی جوامێر لەناو تاریکی ئەو ڕابردووەدا ڕزگار بکات.

ئەدەب و هونەری کوردی زەلیلی ئەو بازنـە تەسـکەیە کـە ئـەدیب و هونەرمەندی کوردی لەناو ساتە کورتەکانی هزر و خەیاڵی ژیانی داخراوی خۆیدا گیرکـردووە. هـەمووەمانیان گـیرۆدەی گاڵتـەجاڕی ئـەو بەرهەمـە هەڵپڕوزکاوانـە کـردووە کـە تـوخنی هـیچ قووڵاییـەك نەکـەوتووە. ئـەو قووڵاییەی بەکلیلی ڕۆشنبیرییەکی بـەربڵاو و گـشتگیر دەکرێتـەوە. ئـەو قووڵاییەی بەسـەر کەنـدو کەلێنـە سـەختەکانی بەرهـەمی ڕاسـتەقینەی ئەدەب و هونەردا شۆڕ دەبێتەوە.

مایەی نیگەرانیە زۆرینەی ئەو بەرهەمانەی دیومانە ڕاکردن بووە لـە ئاپارتمانـە ڕازاوەکـانی ئـەو کـەلتوورە دەوڵەمەندەمانـەوە بـۆ کـەلاوە داڕووخاوەکانی ئەو بازنە تەسك و فەرامۆشکراوە.

بیلۆگرافیای هونەری کـوردی زیـاترین زیـاتری دووبارەکردنەوەیـەکی کورت و کوێری ئەدەبی جیهانیە، ئەو ئەدەبـەی نـازانین تـا چـەند بـۆن و بەرامەی لەگەڵ ئارەقی دەستی وەرگێڕەکانیاندا تێکەڵ بووە.

ئـالێرەوە بـەهای بـەرزی پڕۆژەکـەی بـەختیار خـۆی دەنـوێنێ، ئـەو پڕۆژەیەی جار لەدوای جار بۆناو قووڵایی دوورتر و ئاڵۆزتری ئەو ڕابـردووە

دەچێ، دەق لە دوای دەق ڕووەو ئەو ئاسۆیە هەنگاودەنێ، لە دووررا لە بازنەی تەسکی ڕۆشنبیری ئەم سەردەمە دەڕوانێ.

شاری مۆسیقارە سپییەکان هەڵمەتێکی یەکلاکەرەوەبوو، ڕێچکەی پرۆژەکەی نووسەری دەستنیشان کرد. تاوەکو لە بەهای ئەو دەقانە وردبینەوە کار بۆ دامەزراندنی ئەدەبێکی نەتەوەیی دەکەن، هێما بە جێماوەکانمان لەناو پانتاییە ڕۆشنبیرییەکانماندا شرۆڤە دەکەن.

سەلیقەی پرۆژەکە بەگشتی و ئەم ڕۆمانە بەتایبەتی ئەو دەزوولە باریکەی بەتەواوی جیاکردەوە، لە نێوان دەقی ئەدەبی کە لە تانوپۆی کردەیەکی ئەدەبی ڕۆشنبیریدا هەڵدەسووڕێ و ئەو ڕووداوە مێژووییانەی لەناو تەمەنێکی بەسەرچوودا دەرگاکانیان لەسەر داخراوە. ئەو دەزوولە هەستیار و نادیارەی هەوڵی زۆرینەی نووسەران و هونەرمەندانی کوردی لەناو کەلتوور و مێژوودا ڕەنج بەخەسار کردووە.

کەواتە گەیشتن بەپێگەی دەقێکی ئەدەبی، گەیشتنە بەو دووڕیانەی لەگەڵ خودی واقیع خۆیدا جیامان دەکاتەوە، هەڵکشانە بۆ ئەو ئاستەی بە تێڕوانینێکی جیاواز وردەکارییەکانی ئەو بەسەرهاتانە دەبینینەوە. سۆمەرست مۆم ژانی فەرەنسایییەکان لە ژێر دەستی ژەنەراڵە داگیرکەرەکاندا بە سووتاندنی چاوی ماسییە بچووکەکان دەکولێنێتەوە.

سۆفۆكليس لەو ديو نهێنييەكانی خۆشەويستی كـوڕ و دايـك، كارەسـاتی بڵاوبوونەوەی پەتای تاعون دێنێتەوە.

بەهەمان شێوە دەبيـنين لـە شـاری مۆسـيقارە سـپييەكاندا، لـەدوای نيشتنەوەی تۆزوخـۆڵی جـێ پێـی كەسـايەتيە خەياڵيـەكانی نووسـەرەوە ڕوخـساری مێـژوو دەناسـرێتەوە. تاشـەبەردی قورسـی ئـەنفال، فلـووتی مناڵێكی زامدار بەناوەندی ڕۆماندا خلۆری دەكاتەوە. ئەمە مامەڵەيەكی ڕۆشنبيری جيهانيە لەناو مێژوويەكی پڕاوپڕ خۆماڵيدا.

ئاشكرايە دووبارەكردنـەوەی واقيـع كـارێكی لاسـاييكەرەوەی سـاتە وەختيەو لە توانايدا نييـە هـيچ بەهايـەكی جـوانی بگوێزێتـەوە. كـۆپی كردنـەوەی مێـژووش لەهـەر كايەيـەكی ديكـەدا وەك خـۆی، جگـە لـە وردبوونـــەوەی وێنەيـــەكی فۆتـــۆگرافی بێجووڵـــە، هـــيچ ئارەزوويـــەكی بەدواداچوون ڕامانناكێشێ. يان لانی كـەم هـيچ جووڵەيـەك لـەناو دەقـە ڕاوەستاوەكانيدا نابزوێنێ.

ئالێرەوە بەتەواوی ئەو ئاڕاستە پێچەوانەيە دەردەكەوێ كە نووسەر لـە ميانەی دەقێكی تەواوكەری پڕۆژەكەيدا بەدەريخستووە. كاری ئەم لەسـەر ئـەو ئەندێـشەو خەياڵەيـە لـەدوای سـەيركردن لـەو وێنـە فۆتۆگرافيـە مێژووييەوە دەركەوتووە. واتە لە ناو خەياڵ و تێڕامانی قووڵی نووسـەردا ديزۆڵفی يادەوەری ئەو ڕابردووە دەبينرێ. ئەمـە بـەهای ڕامكردنـی ئـەو

جوانیانەیە(دەق) وەك ئەسپێكی سەركێش، مێژوو بەسەر پاشووی خۆیەوە هەڵــدەگرێ. (دەق) قولێنگكاریەكــە، كارەســاتە تــاڵ و یادەوەریــە شیرینەكانمان لەناو باخچەیەكی ڕازاوەدا هەروەك پەیكەر دادەتاشێ.

گومــان لەوەدانییــە، هــەموو بەشــە جــۆراو جۆرەكــانی فەرهــەنگ و ڕۆشنبیری لق و چڵی یەك درەختن، بەڵام هەر یەكێكیان سیماو ڕوخــساری تایبەتمەندی خۆی هەیە كە لە هەر یەكێك لەوانی دی جیای دەكاتەوە.

مێژوونووسان لەناو ڕۆژ ژمێری میللەت و ئاسەوارە دێرینەكاندا مێژوو دەنووسنەوە.. شاعیر لە ناو هەڵــچوونە ویژدانەكانیــدا ملوانكــەی شــیعر دەهۆنێتەوە.. نووســەر بەســەر مێــژووی ڕووداوەكانــدا بــۆ هــەواری دەق دەپەڕێتەوە.. هونەرمەند لەناو دونیای بەرینی دەقدا تەلیسمەكانی هونەر دەدۆزێتەوە. واتە هەریەكێكیان لەناو كایەیەكی جودادا كاردەكات و هەر هەمووشیان پێكەوە تەنها درەختێك ئــاو دەدەن كــە نــاوی ڕۆشــنبیرییە، درەختێك كە لق و پۆپی یەكپارچە گەڵاو گوڵی جوانییە.

كاری زەحمەت و پڕ لە نوێكــاری ئــەم پڕۆژەیــە، كــارێكی بــەردەوام و ڕانەوەستاوە لەناو كەلتوور و مێــژوودا، بــەڵام بــە ئاقارێكــدا دەگــوزەرێ دەقێكی ئــەدەبی بــاڵا بەرهەمــدەهێنێ. واتــە گواســتنەوەی واقیعێكــی خۆماڵی بۆ دیدگایەكی جیهــانی كــە لــە چــەقڵێكی ئــەدەبی گــشتگیردا دەخولێتەوە. ئەمەش ڕاگواستنی ئەو مۆركە نەتەوەییەیە كە ئێمەی كورد

بەر لە هەر گەل و میللەتێکی دیکە پێویستیمان پێیە. هەموو ئەو مێژووە دێرینەی هەتا ئەمڕۆ لەناو لیتاوی زوڵم و غەدر و خیانەت و پاکتاوی نەژادیماندا تۆمارکراوە، لە چوارچێوەی تەسکی بەرژەوەندییە سیاسیەکان و لەسەر مێزی سیاسەتمەداران قۆرخ کراوە. ئەمەش ئالوودە کردنە بە بەرژەوەندییەك، ڕۆژێك تۆخ و ڕۆژێك کاڵ و ڕۆژێکیش هیچ ڕەنگێکی تیا نەماوە.

هەر بۆیە ئەوەی ئەو ڕابوردووە غەمگینە لەو گەمە سیاسیە دەپارێزێ، ئەو کەلتوور و تێکۆشانی بەرخودانە بۆ سروودێکی ئەبەدی وەردەگێڕێ. گەیشتنە بەو شاکارە ئەدەبی و هونەریانەی سنوورە تەنگ و داخراوەکانی نیشتمانمان دەشکێنێ. دەکرێ بڵێین:

سیمای جیاکەرەوەی ئەم پڕۆژەیە هەتا ئەمڕۆ، داڕشتنی ئەو پردەیە کە مۆرکێکی نەتەوەیی بە جیهانیدەکات، کەلتوورێکی میللی بە کەلتوورێکی مرۆیی گشتی دەکات.

ناسینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی شان بە شانی ئەو شێوازەی لە تازەترین تەرزی ئەدەبی هاوچەرخدا پەیڕەو کراوە، پێکانی هەردوو ئاکامی خۆماڵی و جیهانیە.

هەر یەکێکیان بارستاییەکی هاوشێوەیان لەسەر ڕادەی سەرکەوتنی ڕۆمانەکە هەیە. پەنگ خواردنەوە لەناو کەلتوور و ڕووداوە مێژوویی و

نەتەوەیی و خۆماڵیەکاندا، یاریکردنە لەسەر ئەو هۆشیاریەی لەناو خودی نووسەر خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە.

چونکە دووبارە بوونەوەی یەك لەدوای یەکی نووسەر بۆ کارکردن بەم شێوازە و ئەستوورکردنی ئەو هێڵە کوردیە خۆماڵیە. جۆشدانی بلێسەی ئەو ئاگرەیە کە دەخوازێ بریسکەکانی ئەو بە جیهانیبوونە لەسەر زەمینی کوردستانەوە پەخش بکرێ. ئەمەش بێ چەندوچوون هەڵکشانی پڕۆژەیەکە وەك چۆن هەموو پڕۆژە داهێنەرەکانی دونیا، تاك بە دەوروبەر و دەوروبەریش بە سەرتاپا جیهانەوە گرێدەدات.

بۆرخیس دوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ دەڵێ:

"بەلامەوە سەیرە دەڵێن تۆ نووسەرێکی جیهانیت، چونکە من تەنها بۆ ئەرجەنتینیەکان دەنووسم و هەرگیز بیرم لە جیهان نەکردۆتەوە..."

بەختیار نایەوێ بڵێ من دەسەڵاتێکی مەعریفی بەرزم هەیە و دەتوانم لەسەر تازەترین شێوازی ئەمڕۆی جیهان بنووسم. بەڵکو دەیەوێ پێشڕەوی هەڵکشانی ئەدەبێکی خۆکردی جیهانی بێت، دەیەوێ تەونی ئەو هێڵە مرۆییانە بچنێ کە خواستەکانی مرۆڤ، جیهان پێکەوە گرێدەداتەوە. وەك چۆن ئێمە نە دەتوانین دەستبەرداری کاراکتەرەکانی شکسپیر و ئەپسن و چیخۆف ببین و نە دەشتوانین بەجلی کوردییەوە نمایشیان بکەین، ئاوهاش

کاراکتەرەکانی بەختیار دەبێت ڕۆژێك لە ڕۆژان لەسەر شانۆکانی جیهان هەبێت و دەشبێت تەنها بە جلی کوردییەوە نمایش بکرێت.

دەکرا پێچەوانەی ئەم هاوکێشەیە، باڵادەستی نووسین سەرنجمان بۆ بابەتێکی مرۆیی گشتیتر و جۆرێکی دیکەی بابەت ڕاکێشایە، بەڵام ئەوە دەبووە ئەو قەڵەمە بەبڕشتەی لەناو فەزای ئەدەب خۆیدا دەخولایەوەو تا هەتایەش بەبێ ناسنامە دەمایەوە.

کارکردن لەسەر کەلتوور و مێژوویەکی پاکیزە کە دەستی هیچ دەقێکی جیهانی پێڕانەگەیشتووە و بەیەکگەیشتنی ئەو دوو جەمسەرە، باڵادەستی دەق لە بەدیهێنانی ناسنامەیەك بۆ ناسینەوەو خولیایەکی بەهێز بۆ بەدواداچوونێکی تازەکار ڕادەکێشێ. کەواتە هەوڵێکە بۆ ڕزگاربوون لە گشتگیری و داکوتینێکی جێگیرە لەناو بەرهەمێکی تایبەتمەندا. ئەو تایبەتمەندییەی دەقە یەك لەدوای یەکەکانی ئەو پڕۆژەیە بۆ ئاسۆیەکی ئێجگار دوور دەبنەوە. دڵنیامان دەکات لە درێژەی ئەو پڕۆژەیە و لە نێوەندی ئەو دەقانەی دادێ، یاقووت و گەوهەری بە نرخی سەدان و هەزاران ساڵەی ئەو مێژووە پاکیزەیە دەدرەوشێتەوە.

کەواتە دەتوانین هەوڵی بەختیار عەلی بە هەوڵێکی جیدی ناوزەدبکەین بۆ دامەزراندنی ئەدەبێکی نەتەوەیی و دەکرێ پێگەیەکی پتەویش بێت بۆ دامەزراندنی هونەرێکی باڵا کە مۆرك و ناسنامەی کوردی هەڵگرتبێت.

ئێمە کاتێك باس لە تایبەتمەندێتی ئەو مۆرکە نەتەوەیی و ناسنامە خۆماڵیە دەکەین، هەرگیز مەبەستمان دابڕان نییە لە پەیامە مرۆیی و جیهانیەکە. بەڵکو بەرجەستەکردنی دروستی ئەو پەیامە سەرتاسەریەیە کە هەموو بەرهەمێکی داهێنەرانە بانگەشەی بۆ دەکات. چونکە پەیامی ڕاستەقینەی کایە ڕۆشنبیرییەکان ڕزگارکردنی مرۆڤە لە دابڕان. پێکەوە لکاندنەوەی ئەو کەلتوورە کەرتکراوانەیە هێزە شەڕەنگێز و سەرسەختە ناڕۆشنبیرییەکان لێکتریان جیاکردۆتەوە. گواستنەوەی یەك لە دوای یەکی کێشەو ئەزموونە دابڕاوەکانە لەناو هەر گۆشەو کەلێنێکی ئەم جیهانە بەرینەدا. پاراستنی ڕوخساری پاکژی قۆناغ و سەردەمە جیاجیاکانە، ڕاستکردنەوەی درۆ و بوختان و چەواشەکاری دەسەڵاتە حوکمڕانەکانە. (ڕۆشنبیری) ئەو کایە باڵا دەستەیە سنووری جوگرافیا دابڕاوەکان دەسڕێتەوە، مرۆڤە بەشەڕهاتووەکان ئاشت دەکاتەوە. پەیامێکە، خۆی دەکاتە پارچەیەك لە جیهان و جیهانیش بۆلای خۆی دەهێنێتەوە.

کاری بەردەوامی کایە ناڕۆشنبیرییەکان قایمکردنی ئەو دەرگایانەیە ژوورە شارستانیەکان لێکتر جیادەکاتەوە، لە ژێر قورسایی و فشاری حوکمڕانیە بەرتەسك و نەریتە کۆمەڵایەتیەکاندا دەمانخولێنێتەوە، بەڵام ڕۆشنبیری ئەو کایە باڵادەستەیە، ئەو هێزە کاریگەرە ناکۆتایەیە بەسەر ئەو دەرگاو دیوار و بەربەستانەدا دەمانپەڕێنێتەوە. ئەگەر ئێران وەك

وڵاتێك بەنموونــە وەربگــرین، دەبیــنین ئــەرکی پــیرۆزی هــەر یــەکێك لــە حوکمڕانــەکانی قاجــار و خانــەوادەی پەهلــەوی و کۆمــاری ئیــسلامی، تۆخکردنەوەی سنووری جوگرافیایەکە وڵاتێکـی دەورەداوە نـاوی ئێرانــە، بــەڵام کــاری شــامیلۆ و ســپهیری و بهرەنگــی و هیدایــەت و فــروغ و بەیزایی... لەناو کایە ڕۆشنبیرییەکاندا ئەو سنوورانە دەسـڕێتەوە، ئێـران بۆناو شارستانیەتی مرۆڤایەتی و ئەو شارستانیەش بۆ ئێران دەهێنێتەوە.

کەواتە داخزان بۆناو ڕووداوە تەواو خۆماڵیــەکان بــە مــەرجێك لــەناو دەسەڵاتی داهێنەرانەی کایەیەکی ڕۆشنبیریدا کاربکات، گەڕانــە بــەدوای تەلیــسمەکانی ئــەو ئــارەزووەی مــرۆڤ دەکاتــە خاوەنــداری تــەنها یــەك شارستانی مرۆڤایەتی سەرتاپاگیر.

ڕۆمــانی شــاری مۆســیقارە ســپییەکان گواســتنەوەی ڕۆژانــی ڕەشــی جینۆســاید و ئــەو کــەس و حاڵەتــە پەراوێزکراوانەیــە، بەرژەوەندییــە سیاسیەکانی ڕۆژگاری خۆی چارشێویان بە ڕووخساریا دابــوو، هــەڵفڕینی ئەو کەلتوورە فەرامۆشکراوەیە دەرگاکانیان لەسەر داخستبوو.

لەم بەرهەمەدا داخزان بەرەو قووڵاییە خۆماڵیەکان، لــەژێر تواناکــانی دەســەڵاتێکدا هەڵدەســووڕێ کــە خواســتە بــەرزەکانی مــرۆڤ دەیخــوازێ. خواستی کردنەوەی نهێنی پۆسـتی تارماییــەك، خواســتی شــوێنکەوتنی گەشتە ئەفسانەییەکەی جەلادەت، حەزی بینینی ڕزگاربوونی زیندانیەکان

و چارەنووســـی ســـەیر و ســـەمەرەی شـــاری ســـۆزانیەکان، چـــاوەڕوانی یەکگرتنـــەوەی وێنـــە کـــەرتکراوەکانی نـــاو ڕۆمـــان و دواهـــەمین بڕیـــاری دادگاییکردنی تاوانبارەکان...

ئەمانەو هەموو ئەو حەزو ئـارەزووە بەدواداچـووانەیتر، کـارکردنێکی هۆشیارانەیە لەناو خواستە دووبارە و هەمیـشەییەکانی بـوونی مرۆڤـدا. ئەرستۆتالیس لە کتێبی هونەری شیعردا دەڵێ:"ئەو یاسا بنەڕەتیانەی بـۆ هونەری شیعر دیـاریم کـردووە داهێنـراوی مـن نییـە، بـەڵکو سروشـتی هونەری شیعر خۆیەتی" کەواتە ڕۆکردنی ئارەزوویەك بە شوێنیدا بـچیت، پەڕینەوەی شاکارێکە بەسەر خۆزگەو خواستی مـرۆڤ خۆیـەوە. وەك چـۆن شکـسپیر ناچـارمان دەکـات چـاوەڕوانی سـزای **ماکبث** بکـەین کـە بەسەرکێشی خۆی یاسا دادپەروەرییەکانی شکاندووە، ئاوهاش دەبـێ بـە شوێن ئەو گەشتەوەبین، نهێنیە سامناك و غەمناکەکانی جەلادەتی کۆتری لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ کردووە.

ئـــەم حـــەزی بەدواداچـــوونە ئـــەو یاساوڕێـــسا بنـــچینەییانەیە، هـــەر شاکارێکی داهێنەرانە بە دیدگایەکی جیهانی و مرۆیی خۆشنوود دەکات، سروشتی ئەو پەیامەیە کایە ڕۆشنبیرییەکان پێناسە دەکات.

هەربۆیە پێداگرتنی بەختیار بۆ دیاریکردنی ناسنامەیەکی تایبەتمەنـد لەناو یەکەی بابەتدا کە وەك مەشخەڵێکی داگیرساو بە ئـاگری زەمینێـك

دەگرێ کە ناوی کوردستانە، هەوڵدانە بۆ ناسینەوەی ڕەوتی پڕۆژەیەکی ئەدەبی کە گرەوی زاڵبوون بەسەر هەموو کایە نا ڕۆشنبیرییەکاندا دەباتەوە.

--- ---

## ـ دواچارەنووسی پڕۆژەیەك

گرنگترین تایبەتمەندێتی لە ڕیزبەندی دیاریکردنی بەرهەمی باش و باشتری هەر کارێکی ئەدەبی یان هونەری، بەهێزی ئەو ململانیٚ زانستی و مەعریفیەیە کە دەسەلاتی نووسەر یان هونەرمەند بەسەر بەرهەمەکەیەوە دەردەخات. دەسەلات بەسەر ئەو کایەو باسانەی لە نێوەندی بەرهەمەکەیدا دەیهێنێتە ئاراوە، چونکە ئەوە دەبێتە ئەو ململانێیەی کە تواناکانی ئەو دەسەلاتە بەدیار دەخات. ئاشکرایە ئەلکسەندەر پۆشکین بەر لە نووسینی شانۆنامەی(مۆزارت و سالیری) خەلوەتێکی درێژی بەدیار ئاواز و شاکارە موزیکیەکانی مۆزارتەوە کێشاوە. (کیم هیونگ کیون) پسپۆڕییەکی تەواوی لە هونەری خواردنگەو زانستی دەرمانخانەکاندا وەرگرتووە، ئنجا زنجیرە درامای(خانمە گەوهەری کۆشك)ی نووسیوە.

ئەوەی خوێنەر ئاودیوی دەق دەکات، ئەوەی بینەران بۆ بینینی بەرهەمێکی هونەری شەیدا دەکات... نهێنی ئەو قولاییە مەعریفیەیە نووسەر یان هونەرمەند لە نێوەندی بەرهەمەکەیدا ئاشکرای دەکات.

ئەرك و پێناسەی هەموو بەرهـەمێکی بـەرزوتازە، بـەرپاکردنی ئـەو هەژانەیـە نهێنـی وەڵامـی پرسـیارەکان هەڵدەداتـەوە... ڕۆچـوونی ئـەو مەعریفە هەسـتیارەیە، پرسـیاری ئـاڵۆزتر دەهێنێتـە کایـەوە.. نیگـای چـاوانێکە، تێڕوانینـی نـوێ بـۆ لێکدانـەوەی واتاکـانی بـوون و ژیـان دەدۆزێتەوە.

بەرهـەمی مـەزن زادەی تێپەڕینێکـە، سـەردەمێك بـەدوای خۆیـدا پـەلکێش دەکـات، ڕاچڵەکینێك بـە چـواردەوری خۆیـدا بـەرپادەکات، لۆغانێك بۆ جەژنی لە دایکبوونی خۆی ئامادە دەکات، تەلیسمی نوێ بە دەوروپشتی خۆیدا پەخش دەکات... وەك چۆن شاری مۆسیقارە سپییەکان دەرگا داخراوەکانی قەڵای سەختی ئەم ڕۆژگـارەی لـە بنـەوە هەڵتەکانـد، جـەنگێکی گـەورەی لەسـەر زەمینـی ئێسـتادا قەومانـد، زیـاترین بەدواداچوونی لەناو زەمەنی ترسناکی ڕۆشنبیریماندا خوڵقاند.

مۆسیقارەکانی گەشتێکی ئازایانەیان کرد بـەناو ئـەو ڕێگـاو تونێڵـە تاریکانەی بەترسەوە لە بەردەمیاندا ڕاوەسـتابووین، بەسـەر لێکدانـەوەی ئەو واتایانەدا پەڕینەوە زۆر لە مێژە لە تەنکاوەکانیانـدا بـەگیرمابووین. گەشـتێکی ئەفـسانەیی تـا شـارێکی ئەفـسانەیی پێناسـاندین، نـوقمی خەیاڵێکی هەمیشەیی کردین.

ئەوەی ئەو هەموو هەژان و بەدواداچوونەی دروست کـردووە، پانتـایی

ئەو دەسـەڵاتەیە نووسـەر لـە ململانێـی نێـوان خـۆی و بەرهەمەکەیـدا مسۆگەری کردووە. بەرهەمێك لەناو مەوداکانی هونەر و جوانی و موزیك و تابلۆ و جەنگ و یاساو ئایین و مێژوو کـەلتووردا نوقمبـووە. بـەڵام لـە قووڵایی لێکدانەوەیەکی مەعریفی بەرزدا بەرجەستە بووە، هەستیاریەکی ژیرانە مەودای واتا فەلسەفیەکانی بڕیوە، ڕەوتێکی پڕ لە تازەکاری بازنـە داخراوەکانی شکاندووە.

باسکردن لە موزیك تەنها لێکدانەوەی واتا نییە، ئامادەکردنی ڕۆحـە بۆ گوێگرتن لە موزیك.. مێژوو پردێکی گواستنەوەی بابەت نییە ڕۆمـان بەسەریدا تێپەڕێ، بەڵکو لەناو بەرجەستەکردنی خەیاڵدایە مێژوو بە فەزا دوورەکانیدا دەگوزەرێ.. تابلۆ شیکارێکە، تابلۆکێشەکانی تیادا پەروەردە دەکرێ... ئەوە دادپەروەری ویژدانـە، یاسـای دادگـا دادەڕێـژێ... ئـەوە مرۆڤە لەودیو ئایینەکانەوە بەدوای پێناسەی دروستی خودادا دەگـەڕێ... ئەوە ئەزموونی تاڵی ڕووداوەکانە، ئێسك و پروسکی کەلتوورێکی ناشرین لە گۆڕی خۆیـدا دەردەهێنـێ... بـەکورتی ئـەوە دەسـەڵاتی ئەندێـشەی نووسەرە، هەموو ئەو واتایانە بە دەورییەوە ئـاڵاون، ئەندێـشەی پـڕۆژەی نووسەرێکە، کار بۆ دامەزرانـدنی سـتایلێك دەکـات(خـەیاڵ) حـوکمڕانی بکات، خەیاڵ پەی بە بچووکترین نهێنییەکانی واقیع ببات.

دەستخۆشی لەدوای کارێکی باشەوە دەکرێ، خەیاڵیش لە دوای بێداریەکی تەواوەوە دەردەکەوێ واتە پڕۆژەیەکی چەند هەزار لاپەڕەیی نووسەر بۆ گەیشتن بە ستایلێك کە کارکردنە لەناو خەیاڵدا، نیشانەی هۆشمەندیەکی قووڵە بۆ بەرینکردنی تێگەیشتن، بۆ بەدیهێنانی کایەیەکی بەرزتر لە کایەکانی بەردەستمان.

خەیاڵێك بتوانێت بەسەر پشتی باڵەکانیەوە هەر یەکێك لەو دەستەواژانە بگوێزێتەوە. بەناو ئەندێشەیەکدا بیبات، نەتوانین بە ئاسانی ڕوخساری بناسینەوە.

شاری مۆسیقارە سپییەکان بەناو هەر باخچەیەکدا تێپەڕیبێ، بەدیار بۆنی یەکەیەکەی گوڵەکانیەوە مەست بووە، تەنانەت شیلەی قاچی ئەو هەنگانەشی چەشتووە کە بەسەر گوڵەکاندا هەڵفڕیوە. لەلای هیچ ئاقارێکەوە ڕاینەگرتووین، بەدوای جوانیەکی بەرزتر لە جوانیەکانیەوە وێڵبین. ئەمە دەسەڵاتێکە تانوپۆی دەقێکی(٦٢٥) لاپەڕەیی داگیرکردووە، ستایلی بەختیار عەلی وەك نووسەرێك لەناو کاری بەردەوامی پڕۆژەیەکدا دەستنیشان کردووە.

لە کۆی گشتیدا ئەم ڕۆمانە پەیدابوونێکی زۆر ناوازەبوو، هەڵگری پەیامێکی دانسقەبوو، هەژانێکی پێویست بوو بۆ ئەو سستی و بێدەنگیەی ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو. نامەبەری خەیاڵێك بوو

سەرلەنوێ بەدوای وەڵامی پرسیارەکاندا بچینەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر بپرسینەوە:

ــ لێکدانەوە فەلسەفیەکان واتای بوونەکان لە چوارده‌ورماندا دەستنیشان دەکەن، یان تواناکانی خەیاڵی تاك دەتوانێ چەمکی واتاکانی بوونەکان جێگیر بکەن؟

ـ خەیاڵ ئیشکردنە بۆ دۆزینەوەی گەوهەری حەقیقەت یان حەقیقەتی ڕووداوە مێژووییەکانی ڕابردوو دەبنە بنەما بۆ هەڵفڕینی خەیاڵ؟

ـ مێژوو چارەنووسێکی بەرجەستەکراوە یان هەڵچوونی ڕووداوێکە و خەیاڵ بەهێزی دەکات؟

ـ مێژوو ڕووداو دەقەومێنێ یان ڕووداو بۆ خۆی نەخشەی مێژوو دەکێشێ؟

ـ ژیانی ئەبەدی لەدوای شەهادەتی مردنەوە پێی ڕادەگەین یان لە پشتی جوانیەکانەوە شاردراوەتەوە؟

ـ مردن بازدانە بۆ بوونێکی تر لە نیگایەکی ترەوە یان مردن کۆتاییەکی داخراوی بوونە؟

ـ یاسا دادپەروەری دەهێنێ یان ویژدانە دەتوانێ پارێزگاری لە یاساکانی دادپەروەری بکات؟

ـ شاكار ڕەوتی ڕۆشنبیری سەردەمێك دەگۆڕێ، یان زەمینـەی خـودی سەردەمەكە شاكار بەرهەمدەهێنێ؟

ـ قارەمان مێژوو دروست دەكات یان بە پێچەوانەوە؟

ـ جەنگ جوانیەكان دەشـارێتەوە یـان جوانیـەكان ئاسـەواری جـەنگ دەسڕێتەوە؟

ئەم دە پرسیارە و دەیان پرسـیاری دیكـە ئـەو هەژانـە مەزنەیـە بـۆ بەدواداچـوون ناچـارمان دەكـات. گەشـتی ئـەم ڕۆمانـە ڕاكردنـە بـەناو جەنگـەڵێك چـەمك و پرسـیاری نـوێی بێوەلاَمـەوە، ڕاوەسـتانە بـەدیار حەشاماتێك مەخلوقاتی سەیر و سەمەرەوە. دەق لەناو فەزای خەیاڵێكـدا دەشنێتەوە، خوێنەر حەز بە بێداربوونەوە ناكات. بابەتـەكان بـە جۆرێـك تلۆر بوونەتەوە، نهێنیەكانی بەدوای تۆی خوێنەردا ڕادەكات.

ئاشكرایە خـودی پرسـیار لـەناو قـووڵایی ڕامانـدا سـەرهەڵدەدات و ڕامــانیش بەدواداچــوونی ئــەو دەســەڵاتەیە بەســەر كــار و ئاكــامی بەرهەمێكەوە دیارە. هەربۆیە ئەو پرسیارە زۆر و زەوەندانەی لەناو دەقـی ئەم ڕۆمانەدا بەرهەمهاتوون، پەیامی ئەو ئەزموونە كامڵەیـە دەسـەڵاتی نووسەر پیا ڕاگەیشتووە.

بەڵام لێرەدا كاری سەختی نووسەر لەو ئاسۆ فراوانەدا دەشنێتەوە كـە لەناو لاپـەڕەی مێژوویـیـەكی داخـراودا كـاریكردووە، مێژوویـەك لەگـەڵ

ئاوابوونی خۆیدا جـاڕی تـەواوبوونی پرسـیارەکانیداوە، مێژوویـەك بـەبێ جووڵە لەناو یادەوەرییەکانی هەموومـاندا ڕاکشاوە.

کەچی پرسیار لە داهاتوودا، لە زەمـەنێکی زۆر دوورتـر لـە ئێـستادا هەڵقووڵاوە.. مێژوو جگە لە دەروازەیەك بۆ هەڵفڕینی خەیاڵ، بۆڕاوکردنی گومان و پرسیار هیچ کارێکی دیکەی لە ئەستۆ نەگرتووە. مێـژوو دیلـی دەسەڵاتێکە، بڕوا بە خوێنەرەکانی دەهێنێ کە هێـشتا ئـەو مێـژووە لـە هیچ زەمەنێکدا ڕانەبووردووە.

ماوەتەوە بڵێین:

دەسەڵاتی نووسەر لەناو گەشـتی ئـەم ڕۆمانـەدا، جێگیرکردنـی ئـەو سـتایلەیە دواچارەنووسـی پڕۆژەکـەی تیـادا دیـاریکراوە، دەسـەڵاتێکی نامەبـەرە، پـەیامی کـامڵبوونی ئـەزموونێکی نـوێی هێنـاوە.. ئـەو ئەزموونەی وەك دەنگێکی سەربەخۆ، بەختیار عەلی لەبەردەم گـەورەترین لێپرسراویەتی شاکاری چاکتردا داناوە.

--- ---

# کۆتایی

لە کۆتاییدا پێویستە پاکانە بۆ دەسەڵاتی دیاریکراوی ئەم باسە بکەین چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەم بۆکرد، لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی پڕۆژەکە بە گشتی و ئەم شاکارە بەتایبەتی، کارێکی فرە لایەنەو دەکرێ دەزگاو گرۆی تایبەتمەند لەو شیکارە ڕەخنەییەدا هەڵسوڕێ.

هەربۆیە حەزدەکەم خوێنەری ئازیز لەوە ئاگادار بکەم، هەڵاوێردکردنی ئەم بروسکە گەڕانە دوای خوێندنەوەی تەنها یەکجاری ڕۆمانەکە بووە، ئەوەش ئامانجی سەرەکی نووسینەوەی ئەو بروسکانەیە کە لای هەر خوێنەرێکی ئاسایی بەجێدەمێنێ. واتە ئەوە نەبووە ڕۆمانەکە لە پێش خۆمدا دابنێم و بەڕاستەو پڕگاڵێکی ڕەخنەییەوە نەخشەسازی بۆ لێکۆڵینەوەکەم بکەم. بەڵکو تەنها ئەو بروسکانەم هەڵاوێرد کردووە کە دوای داخستنی کتێبەکە لەلای من وەك خوێنەرێك بە خێرایی تێپەڕیوە.

هیواخوازدەبووم لە کاتی خۆیدا و هەر لەدوای چاپ و بڵاوبوونەوەی(شاری مۆسیقارە سپییەکان)(هەژانی ئەم بروسکە گەڕانە) چاپکرایە، بەڵام جێگەی داخە بەهۆی ژیانی دوورە وڵاتیەوە مانگی نۆڤەمبەری دوو هەزار و حەوت بەدەستم گەیشت و خوێندمەوە.

بەهەرحاڵ ئەو دواکەوتنە نە پاکانەیە بۆ کەموکوڕییەکانی ئەم باسەی بەردەستمان و نە لە پایەی بەرزی شاکارەکەی برای ئازیزم بەختیار عەلی کەمدەکاتەوە. دەکرێ ئێستەش تەلیسمەکانی ئەم بروسکە گەڕانە سەرەتایەك بێت بۆ بەدواداچوونی ئەم بروسکە درەشاوانەی لێکۆڵینەوەیەکی فراوانتری ئەکادیمی لەسەر بونیاد بنرێ.

--- ---

## پێڕست

- پێشەکی ٧
- پاسەوانێك بەدیار تەنیایی ڕۆحەوە ٩
- قاسیدی پەیامێکی جاویدانی ١٩
- تەتەرێك پۆستی تارماییەك دەگەیەنێ ٢٧
- گاڵتەجاڕی مارەبڕینی سەردەمەکان ٤٠
- ئاوازێك لە قوولایی هەژانێکی بەردەوامدا دەبیسترێ ٤٧
- یاخیبوون لە سەردەمێکی دەستەمۆ ٦٢
- کارکردن لە مێژوویەکی پاکیزەدا ٦٨
- دواچارەنووسی پڕۆژەیەك ٨٠
- کۆتایی ٨٧

## دانا عەلی سەعید

ـ لەدایکبووی شاری سلێمانیە. سالّی ١٩٨٦ بەشی (دەرهێنانی شانۆیی) لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە.

ـ لەسەرەتای هەشتاکانەوە چالاکی شانۆو درامای هەبووەو بەردەوام بەرهەمی ئەدەبی و هونەری لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردیەکاندا بلاّوکردۆتەوە.

ـ کتێبێکی بەناوی(هونەری نووسینی دراماو دەقی شانۆی خۆمالّی) چاپکردووە.

ـ لە دامەزراندنی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستاندا.. یەکەمین دەنگی کۆنگرەو بە ئەندامی دەستەی بالاّی سەندیکا هەلّبژێردراوە.

ـ لە ژیانی تەراوگەدا جگە لە چالاکی ئەدەبی و هونەری، دامەزرێنەری ڕۆژنامەی(پەیامی کورد) و بەرپرسی بەشی سۆرانی ڕۆژنامەکە بووە لە ئەلّمانیا.